# ڕێنماییەکانی پێداچونەوەی سیستمی یاسایی هەڵبژاردنەکان

سەرچاوەی کتێب

ئۆفیسی دەزگا دیموکراتیەکان و مافەکانی مرۆڤ
لەڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپی
OSCE -ODIHR

وەرگێڕ : فازڵ حسین

- ناوی کتێب: ڕێنماییەکانی پێداچوونەوەی سیستمی یاسایی هەڵبژاردن
- سەرچاوە: ئۆفیسی دەزگا دیموکراتیەکان و مافەکانی مرۆڤ لەڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپی OSCE-ODIHR
- وەرگێڕانی: فازڵ حسێن
- چاپی یەکەمی کوردی
- تیراژ : ٥٠٠ دانە
- چاپخانە : ڕەنج
- ژمارەی سپاردن : ٥٠٤ ی ساڵی ٢٠٠٣
- مافی لەچاپدانەوە تەنها دەگەڕێتەوە بۆ پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE

# ئەم کتێبە بۆ ؟

ئاشکرایە تا ئەمڕۆ لەئەرشیفی سیاسی دنیادا هەڵبژاردن بەتاکە ئامرازێکی شیاو دادەنرێت بۆ مومارەسەکردنی دەسەڵات و گۆڕینەوەی. بەو پێیەی گەلی عێراق بەسەرجەم نەتەوەکانیەوە لەژێر کەلتورێکی سیاسیی فەردیی دیکتاتۆردا ژیاوە، سەیر نییە پرۆسەی هەڵبژاردن لەژیانی سیاسیدا چەمکێکی نامۆبێت.

هەرێمی کوردستان دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١و ڕزگاربوونی لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق کەوتە پیادەکردنی ماناکانی ئازادیو هەڵبژاردن وەك میکانیزمێك بۆ وەرگرتنو گۆڕینەوەی دەسەڵات.

بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٩٢ دا دانیشتوانی هەرێمی کوردستان سندوقەکانی دەنگدانیان سەرپشك کرد بۆ دیاریکردنی کورسیەکانی پەرلەمان، ئەگەر شەرە ناوخۆییە یەك لەدوای یەکەکان نەبوایە چەمکی هەڵبژاردن زیاتر بەرجەستە دەبوو.

سەرەڕای گرنگی چەمکی هەڵبژاردنو کاریگەریی لەسەر ژیانی سیاسیو ئابووریو کەلتوری کۆمەڵدا گرنگی پێویستی پێنەدراوە، "پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن –K.I.E" وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەو پێویستییە دامەزرێندرا.

پەیمانگە وەك ڕێکخراوێکی کوردستانی سەربەخۆ بەدەر لەئایدۆلۆژیای سیاسیانە کاردەکات بۆ گرنگیدان بەچەمکی هەڵبژاردن وەك یەکێك لەبنەما سەرەکیەکانی کۆمەڵگەی دیموکرات.

بڵاوکردنەوەی ڕۆشنیری هەڵبژاردن لەرێگەی بڵاوکردنەوەی زنجیرەیەك لەسەرچاوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت

هەڵبژاردن یەکێکە لەهەنگاوەکانی K.I.E بۆ بەباتەکردنی هەڵبژاردن لەهەرێمەکەمانداو لەسەرجەم وڵاتی عێراقدا. ئەم کتێبەش یەکێکە لەو زنجیرە سەرچاوەیە.

ئەم کتێبە لەلایەن "ئۆفیسی دەزگا دیموکراتیەکانو مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی ئاسایشو هاوکاری ئەورووپی بڵاوکراوەتەوە، K.I.E لەئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیو عەرەبی.

K.I.E سوپاسی ڕێکخراوی N.E.D ئەمەریکی دەکات کەبودجەی بەچاپگەیاندنی ئەم زنجیرە کتێبەی دابینکرد.

پارێزەر: ئامینە مەحمود
بەڕێوەبەری K.I.E

# ڕێنماییەکانی پێداچونەوەی سیستمی یاسایی هەڵبژاردنەکان
# کانونی دووهەمی ۲۰۰۱

## یەکەم ـ پێشەکی

مەبەست لەم ڕێنماییانە ڕونکردنەوەی پێکهاتە سەرەکیەکانی ئەو سیستمە یاساییەیە کەبەهۆیەوە هەڵبژاردنەکان ڕێکدەخرێن، هەروەها ڕونکردنەوەی لانیکەمی ئەو پێوەرەی کەپەیوەندی هەیە بەهەریەکێک لەو پێکهێنەرەی کەپێویستن بۆئەوەی سیستمی یاسایی دەوڵەتێك زامنی ئەوە بکات هەڵبژاردنەکان دیموکراتی بن. هەروەها مەبەستێکی دی لەم ڕێنماییانە ئەوەیە کەیارمەتی پشکنەری سیستمی یاسایی بدات بەشێوەیەك کەببێتە هۆی ڕێکوپێکی و متمانەو تۆکمەیی و وردیی لەپێداچونەوەی ئەو دەقەی پەیوەندیدارە بەهەڵبژاردنەکانەوە. هەروەها ئەم ڕێنماییانە بەشداریدەکەن لەپێدانی شارەزایی بەپەرلەمانتارە نیشتمانییەکان لەکاتی ئامادەکردنی یان

**دەستکاریکردنی ئەو دەقانەی پەیوەندییان بەهەڵبژاردنەوە هەیە.**

**ئەم ڕێنماییانە لەلایەن "ئۆفیسی دەزگا دیموکراتیەکان‌و مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی ئاسایش‌و هاریکاریی ئەوروپا (OSCE –ODIHR)و بەهاوکاری لەگەڵ پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ دیموکراسی‌و یاریدەدانی هەڵبژاردنەوە (IDEA)[1] گەشەی پێدراوە.**

بەشەکان بەڕێکخستنێکی تایبەت دانراون بەمەبەستی دابینکردنی ئاسانکاری لەپێداچونەوە مەنهەجیەکەداو هەڵسەنگاندنی سیستەمە یاساییەکە. لەبەشی سێ بەدواوە، سەردێڕی هەر بەشێك ئەو بابەتەی سیستەمە یاساییەکە دەستنیشان دەکات کەلە بەشەکەدا تاوتوێکراوە. بەدوای سەردێڕی بەشەکەدا، خستنەروی لانی کەمی ئامانجی ئەو پێوەرەی کەپەیوەستە بەو پێکهێنەرە تایبەتەی سیستەمە یاساییەکەوە. بەدوایدا تاوتوێکردنی ئەو پێکهێنەرە تایبەتیەی سیستەمە یاساییەکە دێت. چاپتەرەکە بەلیستی پێداچونەوەی ئەو مەسەلانە کۆتایی دێت کەپەیوەستە بەو پێکهێنەرەوە. دەکرێت پشکنەر ئەم لیستی پێداچونەوانە بەکاربهێنێت بۆئەوەی دڵنیا بێت لەوەی سیستەمە یاساییەکە هەموو ئەو مەسەلانەی چارەسەرکردووە کەپەیوەستە بەو پێکهێنەرە تایبەتەی سیستەمە یاساییەکەوە.

[1] . (جێسی ڤی پیلگریم) لە جیاتی ODIHR بەڵگەنامەیەکی تاووتوێکردن لەشێوەی ڕێنمایی بەرایی گەڵاڵەکراو ئامادەکرد. ئەو ڕەشنوسە بابەتی گفتوگۆ بوو لە لایەن چەند پسپۆڕێکەوە لە کۆڕێکدا کە لە ١٤-١٥ ی ئەیلولی ٢٠٠٠ دا لە (ستکهۆڵم) بەسترا. پڕۆژەکە بە بەشدارییەکی دڵسۆزانەی سویسرا هاتە بەرهەم.

**دووهەم: بنەمای پێوەرەکان و هەڵوێستی پشکنەر:**

**١. سەرچاوە سەرەکیەکان بۆ لانیکەمی پێوەرەکان:**

لەم رێنماییانەدا ئەو سەرچاوە سەرەکیانەی کەلانیکەمی پێوەرەکان دیاری دەکەن بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکانە، لەوانە جاڕی گەردونیی مافەکانی مرۆڤ، رێککەوتنامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، رێککەوتنامەی ئەوروپی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە سەرەکیەکان، پەیماننامەی پاریس بۆ ئەوروپایەکی نوێ – کۆبونەوەی بالآی (CSCE) ١٩٩٠و بەڵگەنامەی کۆبونەوەی کۆنگرەی کۆپنهاگن لەبارەی رەهەندی مرۆڤەوە لە(CSCE )دا. دەقی پەیوەندیداری ئەم سەرچاوانە خراونەتە نێو پاشکۆکەوە. لەمەش زیاتر، پێویستە پشکنەر یاساکانی (سیستمی پێشینە – نظام السوابق)ی ئەنجومەنە چاودێرییەکانی وەك دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ و کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بەهەند وەربگرێت.

**٢. سەرچاوە تەواوکەرەکان:**

کاتێك بەووردی لەسیستمی یاسایی دەوڵەتانی بەشدار لەرێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپا دەکۆڵرێتەوە، پێویستە پشکنەر دوا راپۆرتەکانی لیژنەکانی چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی سەر بەئۆفیسی دەزگا دیموکراتیەکان و مافەکانی مرۆڤ ( OSCE/ODIHR) لەبەرچاوبگرێت ئەگەر لەبەردەستدا بون. ئەو راپۆرتانە لەسایتی OSCE/ODIHR دا دەستدەکەون : http://www.osce.org/odihr.

وەك چۆن لەبڕگەی (٢٥)ی راگەیەنراوی (لەپێناو ئاسایشی ئەوروپا) کە لەلایەن (OSCE) لەساڵی ١٩٩٩ دا هاتووە: " ئێمە داندەنێین بەو یارمەتیەی کەئۆفیسی دەزگا دیموکراتییەکان و مافەکانی مرۆڤ دەتوانێت دابینی بکات بۆ دەوڵەتە بەشدارەکان لەپەرەپێدان و جێبەجێکردنی یاساکانی هەڵبژاردنەکاندا. هاوشانی ئەم ئیلتیزامانە، ئێمە بانگهێشتی چاودێرانی دەوڵەتانی تری بەشداربوو دەکەین بۆ هەڵبژاردنەکانمان، ODHIRو OSCE و

ئەنجومەنی پەرلەمانی (OSCE )و ئەو دەزگاو ڕێکخراوە هاوشێوانەی کەحەزدەکەن سەرنجی چۆنیەتی بەڕێوەچونی هەڵبژاردنەکانمان بدەن. ئێمە رازین بەوەی بەخێرایی بەدوای هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنەکان و پێشنیارەکاندا بچین کەبکرێن، لەگەڵ هەر پێشنیارێکدا سەبارەت بەئامادەکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان لەهەر ڕێنماییەك کە لە راپۆرتەکانی ODHIRو OSCE دا هاتووە پێویستە ببێتە بەشێك لەو بابەتانەی کەپشکنەر رەچاوی دەکات لەرێکخراوی OSCE دا لەکاتی پێداچونەوەی یاسای هەڵبژاردنەکاندا.

جگە لەمەش، پێویستە پشکنەر بەئاگابێت لەو پێویستیانەی کەدەکرێت کاریگەریی هەبێت لەسەر ئەو سیستەمە یاساییەی کەهەڵبژاردنەکان بەڕێوەدەبات، بەهۆی ئەوەوە سەپێنراوە کەئەو دەوڵەتە پابەندی هیچ ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی تایبەت بووە.

لە کۆتاییدا، پێویستە پشکنەر رەچاوی ئەو بنەما نمونەییانە بکات کە لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە حکومی و ناحکومیەکانەوە گەشەی پێدراوە بۆ چارەسەرکردنی هەندێك مەسەلەی تایبەتی پەیوەندیدار بەهەڵبژاردنەوە پاشکۆکە هەندێك ب نەمای نمونەیی تێدایە کەسەرچاوەی تەواوکەری باشن.

### ٣. هەڵوێستی گشتیی پشکنەر

پێویستە پشکنەر لەئاست رۆڵەکەیدا چاوکراوە بێت، کەئەویش بریتیە لەتاوتوێکردنی سیستمی یاسایی بەمەبەستی دڵنیابوون لەوەی ئاخۆ تەبایە لەگەڵ لانیکەمی پێوەرەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، پێداچونەوەکە بەمەبەستی ئەوە دانەنراوە کەببێت بەبڕیار، بەڵکو بەشێوەیەکی بونیادنەرانە پێشنیازی راستکردنەوەو چاکسازیو باشترین شێوازی پراکتیزەکردن و چاکترین ئەو ڕێوشوێنانەی دەبێت تێکهەڵکێشی یاسادانانەکەی بکرێت.

پێویستە پشکنەر بانگهێشتکەری سیستمێك یان شێوازێکی جێبەجێکردنی تایبەت نەبێت.

هەر وڵاتێك ئازادە لەهەڵبژاردنی هەر سیستمێکی هەڵبژاردنی گونجاودا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەهەموو سیستمێك یان شێوازی جێبەجێکردنی

هەڵبژاردن کە لەلایەن وڵاتێکەوە هەڵدەبژێردرێت پەسەندە. ئازادیی وڵاتێك لەهەڵبژاردنی هەر سیستمێکی هەڵبژاردندا سنوردارەو دەبێت کۆك بێت لەگەڵ بەشی کەمی پێوەرەکاندا. جگەلەمەش، ئەگەر پشکنەر داوای لێکرا بۆچونی خۆی دەربڕێت لەبارەی سیستمێك یان پیادەکارییەکی دیاریکراوی هەڵبژاردن، ئەوا پەسەندە بۆ وڵاتێکی دیاریکراو بەهۆی فاکتەرێکی تایبەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی یان کولتوری، ئەوسا پێویستە پشکنەرەکە بۆچونی خۆی بڵێت. لەمەش زیاتر، کاتێك پشکنەرەکە بەئاگایە لەراستیگەلێکی تایبەت لەوڵاتێکدا، کەوادەکات سیستمێك یان پیادەکارییەکی قبوڵکراو نەگونجاو بێت بۆ وڵاتێك ( واتە ئەو سیستمە یان پیادەکارییە ڕێ لەهەڵبژاردنە دیموکراتییەکان دەگرێت بەهۆی هەلومەرجی ئاوارتەیی "الاستثنائیة" وڵاتێکەوە)، ئەوسا پێویستە پشکنەرەکە مەسەلەکە بەیان بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، لەحاڵەتێکی لەو جۆرەدا، پێویستە پشکنەرەکە پشت بەراستی یەکلابۆوە ببەستێت.

هەڵسەنگاندنێکی ئامانجدار لەزیاتر تاوتوێکردنی تێکست دەخوازێت. ئەگەر سەرنج و پێشنیارو ئامۆژگارییەکان بەشێوەیەکی گونجاو و بنیاتنەرانە نەخرابێتنەڕوو، ئەوا هەڵسەنگاندنەکە بەهایەکی کەمی دەبێت هەرچەندە کەپێداچوونەوەکە گشتگیریش بێت. پێویستە پشکنەر ئەوەی لەبەرچاودا بێت کاتێك تێبینی و بۆچوونەکانی خۆی دەنوسێت.

### ٤. ڕێزگرتن

پێویستە ڕێزگرتن لەبابەتی ئامۆژگاریو راوێژکردن بخزێتە نێو هەموو بەشەکانی هەر سەرنج و پێشنیارو ئامۆژگارییەکەوە. رەنگە پشکنەرەکە لەوڵاتێکی ترەوە هاتبێت، بەزۆریش زانیاری تەواوی نییە لەسەر ئەو وڵاتە دیاریکراوەی کەهەڵسەنگاندنەکەی بۆ ئەنجامدەدرێت و، واش دادەنێت کەئامۆژگاریی جەوهەری بخاتەڕو لەبارەی هەندێك پرسەوە. لێرەوە، پێویستە شێوازی هەڵسەنگاندنەکە رەنگدانەوەی ناسکی ئەو

ئەرکەی پێوەدیاربێت، تەنانەت ئەگەر ڕەخنەکە ڕاستەخۆو مەترسیداریش بێت.

### ٥. یەکجار گرنگیی وەرگێڕانی ورد

یەکجار گرنگە کە پشکنەر وەرگێڕانی وردو تەواوی هەموو ئەو یاسایانەی لەبەردەستدا بێت کەپیاچونەوەی بۆ ئەنجام دراوە. هەندێك کات پشکنەر لەسەر وەرگێڕانێکی ناڕەسمیی تێکستەکان کاردەکات و پێویستە هەستیار بێت لەبەرامبەر ئەم ڕاستیەدا. هەندێك هەڵەی وەرگێڕان بەئاسانتر تێبینی دەکرێت وەك لەهەندێك هەڵەی تر. لەو حاڵەتانەی پێشنیارێك، سەرنجێك یان ڕەخنەیەك بۆ تێکستێك سەرهەڵدەدات کەدەشێت سەرتاپا بەهەڵە وەرگێڕدرابێت، پێویستە پشکنەر ئەم ئەگەرە لەهەڵسەنگاندنەکەدا ناوببات.

### ٦. ئامادەکاری

ڕێزنەگرتنی پێویست لەهەموو ئەو شتانەی لەهەڵسەنگاندنەکەدا هەیە دەرخەری ئەوەیە کەچاودێر بایەخی تەواوی نەداوە بەهەڵسەنگاندنەکە. پێویستە پشکنەر ئامادەکاریی پێویست ئەنجام بدات. بۆ نمونە، وەك کارێکی ناپیشەیی دێتە پێشچاو ئەگەر پشکنەر پێشنیاری تەعدیلێکی کرد لەیاسایەکی هەڵبژاردندا کاتێك خۆی درك بەوە نەکات کەئەمە ناکۆك دەکەوێتەوە لەگەڵ دەستوری وڵاتدا. بێگومان ئەمە بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەخودی دەستورەکە ناتەبا نییە لەگەڵ لانیکەمی پێوەرەکاندا. دەبێت هەڵسەنگاندنەکە ڕاست بێت لەژێر ڕۆشنایی یاسای ناوخۆیی و لانیکەمی پێوەرەکانیشدا.

### ٧. ئەولەویەتدان بەڕاسپاردەکان:

پێویستە پشکنەر جیاوازی بکات لەنێوان ئەوەی حەز بەچی دەکرێت لەجیهانێکی نمونەییداو چیش پێویستە بەپێی لانیکەمی پێوەرەکان. ناشێت کار لەسەر هەموو پێشنیارەکان بکرێت. لێرەوە، کارێکی سەرەکی بەڕاسپاردەکان بدرێت. ئەمە جگە لەوەی، پێویستە هەندێك ڕاسپاردە بەزاراوگەلێکی وریاترەوە دەربڕدرێت وەك لەهەندێك ڕاسپاردەی تر ( بۆ نمونە، سەرنجی بەکارهێنانی ئەم سێ دەستەواژەیە بدە "ڕەنگە گونجاو بێت ئەگەر.. " بەبەراورد بە"

پێویسته كه... " یان " بەتوندی پێشنیاری ئەوه دەكەین." ). پێویسته راسپاردەكان بەوریایی دابڕێژرێن‌و بەگوێرەی ئەولەویەت بەدوایەكدا بێن.

### ٨. جەختكردنەوه لەسەر رەوایی (الشرعیه) ئەوەندەی لەتوانادایه

پێویسته چاودێر جەخت بكاتەوه لەسەر ئەوەی كەجێبەجێكردنی پێشنیارەكان متمانەو بڕوای جەماوەر بەهێزدەكات لەهەڵبژاردنەكاندا. ئەمه شتێكه كەهەموو حكومەتێك دەیەوێت بەدیبهێنێت. ئەمه بەتایبەت كاتێك خاڵێكی گونجاوه كەپێشنیاری رێوشوێنگەلێك دەكرێت كەشەفافیەت بەهێزدەكات.

### ٩. رونكردنەوەی هۆكاری راسپاردەكان:

گرنگه رونبكرێتەوه بۆچی پێشنیارێكی تایبەت خراوەتەروو. هەندێك پێشنیار دەكرێن بەمەبەستی بەرەودان بەوێكچون لەگەڵ لانیكەمی پێوەرەكان، ئیلتیزامێكی تایبەتی نێودەوڵەتی یان فلانه ماف مرۆڤدا. هەندێك پێشنیاری تر دەكرێن تاوەكو یاسا رێكوڕەوان تر یان كاریگەرتر بێت، وەك ئەو پێشنیارانەی سەبارەت بەناتەباییەك یان كەلێنێكی تایبەتی ئەو یاسایانه دەكرێن كەلەژێر پیاچونەوەدان. پێویسته پشكنەر هۆكاری خستنەڕوی ئەو پێشنیاره یان راسپاردەیه رونبكاتەوه.

### ١٠. هەندێك وردەكاریی بچوك

پێویسته پشكنەر لەوه ئاگاداربێت كەهەموو شتێك بەهۆی یاسا سەرەكیەكەوه رێكنەخراوه. رەنگه كارێكی گونجاو بێت كەگرنگیەكی كەمتر بدرێت بەهەندێك لەوردەكاریه بچوكەكانی رێوشوێنی دەنگدان لەناو ئەو رێسایانەی كەله لایەن دامەزراوه حكومیەكانی وەك كۆمسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردن بڕیاریان لەسەر دراوه. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت مەسەله بنەڕەتیەكان لەلایەن یاسای سەرەكیەوه تاوتوێ بكرێت. دەبێت پشكنەر بزانێت پێویسته كام مەسەلانه لەرێی رێسا ئیدارییەكانەوه دادەنرێت.

## سێهەم : بونیادی سیستمی یاسایی

**ئامانج:** پێویستە سیستمی یاسایی بەشێوەیەك بونیادنرابێت كەبەئاسانی دەستی جەماوەری پێڕابگاتو روون بێتو تاوتوێی هەموو پێكهێنەرەكانی سیستمی هەڵبژاردنێك بكات كەپێویستە بۆ هەڵبژاردنێكی دیموكرات.

پێویستە سیستمی یاسایی بەشێوەیەك دانرابێت كەئەو ئامانجەی سەرەوە بپێكێت. دەسەڵاتە نیشتمانیەكان بونیادێكی یاسایی دادەمەزرێنن بەگوێرەی دابو نەریتی یاسایی ئەو وڵاتەو پێویستە پشكنەریش ئامادەبێ لەوەرگرتنی ئیختیارە جیاوازەكاندا. ئەوەی گرنگە پێویستە پشكنەر بەئاگابێت لەشێوازە هەمەچەشنە بونیادیەكانو رەچاوی هەموو ئەو مەوادی یاساییانە بكات كەلەوانەیە كاریگەریی هەبێت لەسەر بەڕێوەچونی هەڵبژاردنەكان. سەرباری ئەوەش، بونیادی یاسای هەڵبژاردن گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە كەپێویستە پشكنەر لێی بەئاگابێتو ئامۆژگاری لەبارەیانەوە بخاتەڕوو ئەگەر بەپێویست زانرا. لێرەوە، پێویستە پشكنەر بەئاگابێت لەم بنەمایانەی لای خوارەوە:

### ١. بەكارهێنانو باشیەكانی یاسای نوسراو

هەرچەندە حكومەت مرونەتی هەیە لەداڕشتنی بونیادی سیستمی یاساییدا، بەڵام هەر پێویست بەبوونی یاسای نوسراو دەكات وەك ئامرازی حوكمكردن لەبواری هەڵبژاردنەكاندا لەبەرامبەر دابونەریت یان سیاسەتە ئیدارییەكاندا. یاسای نوسراو وەك ئامرازێكی هەڵبژاردن باشیەكانی بریتین لەوەی یەكسانیو دڵنیاییو روونیو شەفاف دەبەخشێتو وا دەكات بابەتەكە شیاوی راڤەكردنو پیاچونەوەی دادوەری بێتو هاوڵاتیان بتوانن پەنای بۆبەرن.

### ٢.بەندە دەستوریەكان:

كاتێك بنچینە سەرەكیەكانی سیستمی هەڵبژاردن دەخرێتە نێو دەستورەوە، پارێزگارییەك دروستدەكات لەبەرامبەر گۆڕانە زۆرەكاندا. دەستكاریكردنی بڕگەكانی دەستوور زۆربەی كات مەرجدارن

بەبەدەستهێنانی دەنگی زۆرینە یان هەر پرۆسەیەکی سەختی دیکە. بۆیە، کارێکی پەسەندکراوە گەر ئەو گرەنتیە بنەڕەتیانەی کەپارێزگاری لەمافی دەنگدان بۆ هەمووان دەکات، بخرێتە دەستوری وڵاتەکە. ئەمەش ئەو مەرجانە دەگرێتەوە کەئەلفوبێی هەرە سەرەکیی سیستمی هەڵبژاردن رێکدەخات، لەوانە مافی دەنگدان و خۆکاندیدکردن، ئەو دەزگایانەی پەیوەندیدارن بەهەڵبژاردنی دیموکراسیەوەو ماوەی مانەوە لەسەر کاری کاندیدە هەڵبژێردراوەکان.

لەبەرئەوەی دەستکاریکردنی هەر دەستورو یاسایەك لەحاڵەتی ئاساییدا شیاوی ئەوەیە توشی رێوشوێنی ئاڵۆزو کاتکوژ بێت، بەباش نازانرێت کەمەرجە دەستوریەکان لەوەسفکردنی سیستمی هەڵبژاردن و زامنکردنی مافە بنەڕەتیەکان زیاتر بڕۆن. تا رەچاوی مرونەتی پێویست بکرێت، مەرجەکانی جێبەجێکردنی هەڵبژاردنەکان و هەندێك بابەتی لێپرسینەوەی تر پێویستە جێبهێڵرێت بۆ ئەو یاسایانەی کە لەلایەن پەرلەمان و رێسا کارگێرییەکانی ترەوە کراوەتە یاسا و لەلایەن دەستەی دەسەڵاتپێدراوی کارگێری و هەڵبژێردراوەوە دەرکراوە.

### ٣.یاسای هەڵبژاردنە گشتیەکان و هەڵبژاردنە تایبەتەکان:

دەکرێت یاسادانانی هەڵبژاردنی وڵات پۆلێن بکرێت بەسەر دو جۆردا:

یاسای هەڵبژاردنە گشتیەکان کەپەیوەندیدارە بەهەموو هەڵبژاردنەکانەوە، لێرەدا سیستمێکی یاسایی دادەمەزرێنێت کەهەموو هەڵبژاردنەکان دەبات بەڕێوە، لەوانە هەڵبژاردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان لەسەر ئاستی وڵات و ناوچەکان.

– یاسایەکی هەڵبژاردنی تایبەت کەپەیوەندیدارە بەدەستەیەکی تایبەتی حکومەتەوە ئەمەش هەندێ مەرجی یاسایی تایبەت دادەنێت بۆ پەیڕەوکردنی لەهەڵبژاردنەکانی دەستەیەکی تایبەتی حکومی لەگەڵ مەرجگەلێکدا کەجیاوازە لەسیستمی گشتی یاسایی بۆ هەڵبژاردنەکان گەلێك وڵات بەشێوازی جیاواز هەستاون بە چارەکردنی جیاوازی نێوان یاسای هەڵبژاردنی گشتی و تایبەتی. دەشێت وڵاتێك

ياسايەكی جیا پەیڕەوبكات لەسەر " بنچینە سەرەكیەكان" ی هەڵبژاردن، كەئەو مەرجانە دەستنیشان دەكات كەبەسەر هەموو هەڵبژاردنەكاندا جێبەجێ دەبێت. جگە لەوە رەنگە ئەو وڵاتە چەند یاسای جیاواز پەیڕەو بكات بۆ هەڵبژاردنی هەر دەستەیەكی حكومی كەهەموو ئەو مەرجە تایبەتانە لەخۆدەگرێت بۆ ئەو هەڵبژاردنە تایبەتە. بەپێچەوانەوە، رەنگە وڵاتێكی تر هەموو یاساكانی هەڵبژاردن لەیەك یاسادا كۆبكاتەوە بەڵام لەچەند بەشێكی جیا جیادا كەمەرجی هەڵبژاردنە هەمەجۆرەكان دەستنیشان دەكات.

هەرچەندە هەر دوو ئەو شێوازەی كەلە سەرەوە ناوبران شیاوە، بەڵام یەك یاسای هەڵبژاردن كەهەموو هەڵبژاردنەكان رێكدەخات زۆرتر بەجێ و باوترە.ئەو یاسای گشتی هەڵبژاردنە بەجێیە چونكە یەكیەتی و تۆكمەیی دەپارێزێت لەكارگێڕی و پیادەكاریی هەڵبژاردندا، شانبەشانی جێبەجێكردنێكی یەكگرتووی یاساكە لەپەیوەندیدا بەهەموو هەڵبژاردنەكانەوە. شێوازێكی لەو چەشنە پرۆسەی ئامادەكردنیش ئاسان دەكات لەو حاڵەتانەی دەستكاری پێویستە لەیاساكاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە هەست بەوە بكەین كەلە هەندێك حاڵەتدا، بەتایبەتی لەسیستەمە فیدراڵییەكاندا، دەشێت شێوازێكی لەو چەشنە مومكین نەبێت.

بە بێ گوێدانە ئەوەی كام لەو شێوازانەی لەسەرەوە باسكران پەیڕەو دەكرێت لەلایەن وڵاتێكەوە، هەندێك پرەنسیپ هەیە پێویستە رەچاوبكرێت كاتێك یاسای هەڵبژاردنەكان هەڵدەسەنگێنرێن:

– پێویستە یاسای هەڵبژاردنەكان بەزمانێكی بابەتی بەیان بكرێت. نابێت راڤەكردنی یاسای هەڵبژاردنەكان وەك مەسەلەیەكی بۆچونی زاتی وەربگیرێت

– پێویستە یاسای هەڵبژاردن خۆی لابدات لەبەریەككەوتن لەنێوان ئەو یاسایانەی هەڵبژاردنی وڵاتێك دەبەن بەڕێوەو ئەو یاسایانەی هەڵبژاردنە ناوچەییەكان دەبەن بەڕێوە. دەبێ ئەو مەرجانەی كەلە ئیدارەی هەڵبژاردنە نیشتمانیەكاندا پەیڕەو دەكرێت بگونجێن لەگەڵ ئەو مەرجانەی كەهەڵبژاردنە ناوچەییەكان بەڕێوەدەبەن.

– پێویستە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتە نیشتمانیو ناوچەییەکانو پەیوەندی هەیئەکانی ئیدارەی هەڵبژاردنەکانو هەیئە حکومیەکانی تر بەرونی دەستنیشان بکرێت. پێویستە دەسەڵاتی هەیئەکانی ئیدارەی هەڵبژاردنەکان بەرونی بوترێتو دەستنیشان بکرێت بۆ رێگرتن لەململانێی یان تێهەڵکێشبوونی ئەو دەسەڵاتانەی کەهەیئە حکومیەکان گرتویانەتەدەست.

– پێویستە یاسای هەڵبژاردن بەماوەیەکی تەواو بەر لەهەڵبژاردنەکان دابنرێت تا کاتی تەواو ببەخشێتە بەشداران‌و دەنگدەرانی سیاسی بۆئەوەی بەئاگابن لەبارەی رێساکانی پرۆسەکانی هەڵبژاردنەوە. ئەو یاسایانەی کە"لە دوا سات" دا دەرکراوە رەوایی هەڵبژاردنەکان لاوازدەکات‌و رێدەگرێت لەوەی بەشدارو دەنگدەرە سیاسییەکان لەکاتی خۆیدا زانیارییان لەبارەی رێساکانی پرۆسەکانی هەڵبژاردنەوە هەبێت.

– پێویستە یاسای هەڵبژاردن دابنرێت بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەو مەرجە یاساییانەی کەجێبەجێ دەبێت‌و بەرەسمی راگەیاندنی یاساکانی پەرلەمان دەبەن بەڕێوە. ئەو یاسای هەڵبژاردنەی هەماهەنگ نییە لەگەڵ ئەو مەرجە یاساییانەی کەپێویستی لەجێبەجێ کردنە، رەنگە رەواییەکەی بخرێتە ژێر پرسیارەوەو مەترسی ئەوەی هەیە لەلایەن دادگاوە پوچەڵ بکرێتەوە.

– پێویستە یاسای هەڵبژاردن بەشێوەیەك بڵاوبکرێتەوە،کە بەردەست بێت بۆ جەماوەر.

### ٤. یاسای هەڵبژاردن‌و یاساکانی تر:

هەر یاسایەکی هەڵبژاردن ناتوانێت‌و ناشبێت هەموو ئەو رێسایانە لەخۆبگرێ کەپەیوەستە بەپرۆسەی هەڵبژاردنەوە. پێویستە پرۆسەی هەڵبژاردن لەسەر بەشداریی هەموو ئەو دەزگاو رێوشوێنانە دامەزرابێت کەپشت بەهەندێك بەشی تری سیستمی یاسایی دەوڵەتەوە دەبەستن. گرنگە کەپشکنەر بەئاگابێت لەهەبونی یاسای تری پەیوەندیدارو بیانخاتە نێو پرۆسەی پێداچونەوەکەوە.ئەو یاسایانەی تایبەتن بەراگەیاندن‌و تۆمارکردنی پارتە سیاسییەکان‌و یاسای هاوڵاتیبون‌و ماددە تاوانکارییەکانی تایبەت بەپێشێلکاریەکانی یاسای هەڵبژاردن گرنگیەکی تایبەتیان هەیە.

پێویستە پشکنەر هەموو ئەو بەندە یاساییانە دەستنیشان‌و تاوتوێ بکات کەکاریگەرییان لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن هەیە.

## ٥. یاسای هەڵبژاردنەکان‌و ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردن:

لەهەر سیستمێکی دیموکراتیدا، تەواوی سیستمی یاسایی هەڵبژاردن لەلایەن پەرلەمانی وڵاتەوە گەڵاڵەدەکرێت کەزۆرینەی خەڵك هەڵیانبژاردوە. بۆ پاراستنی بەها دیموکراتیەکان، نابێت ڕێساکانی هەڵبژاردن لەڕێی فەرمانێکی بەشی ڕاپەڕاندنی (تەنفیزی) حکومەتەوە گەڵاڵەبکرێت. سەرباری ئەوەش، سنورێك هەیە بۆ بڕی ئەو ڕێسا جێبەجێکاریانەی کەدەکرێت لەیاسایەکدا هەبن. بەم شێوەیە زۆربەی یاساکانی هەڵبژاردن ڕەچاوی ئەوە دەکەن کەدەستەی باڵای کارگێڕیی هەڵبژاردن، کەبەشێوەیەکی ئاسایی بریتییە لەکۆمسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردن ، ڕێنمایی زیاتر دەربکەن بۆ ڕونکردنەوەی ئەو مەسەلانەی پەیوەستن بەپرۆسەی هەڵبژاردنەکەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە یاسای هەڵبژاردن داوابکات ئەو ڕێنماییانە ڕاستەوخۆ پشت ببەستن بەو مەرجانەی لەیاسای هەڵبژاردندا دەستنیشانکراون پێویستە بەروونی لەڕۆڵی کۆمسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردن لەپەیوەندیدا بەو ڕێنماییانەی وردەکاریی تێدایە تێبگەین. ڕۆڵی کۆمسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردن ئەوە نیە کەوەك یاسادانەری جێگیر بکەوێتەگەڕ بەڵکو ڕۆڵی وەڵامدانەوەی ئەو پێویستیانە دەبێت کەسەرهەڵدەدەن‌و ڕونکردنەوەیان لەڕێی ڕاڤەکردن‌و تەواوکردنی ڕێساکانی هەڵبژاردنەوە. پێویستە یاسای هەڵبژاردن هاوسەنگیەك دروست بکات لەنێوان ڕەچاوکردنی ئەو مرونەتە پێویستەی کەکۆمسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردن پێویستیەتی بۆ وەڵامدانەوەی پێویستیە دیارەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت بنەمای کۆنترۆڵکردنی یاسایی لاواز بێت بەسەر یاسای هەڵبژاردنەوە.

چەند بنەمایەك هەیە کەپێویستە ڕێزی لێبگیرێت لەکاتێکدا کەدەسەڵات دەدرێ بەکۆمسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردن بۆ دەرکردنی ڕێنماییەکان، بریتین لە:

– مافە سەرەکیە گرنگەکان، وەك نهێنی بوونی دەنگدان، نابێت لابرێت یان کەمبکرێتەوە بەهۆی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردنەوە.

– پێویستە دەسەڵاتی کۆمسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردن لەیاسای هەڵبژاردنەکان بەروونی رابگەیەنرێتو دەستنیشانبکرێت. پێویستە یاسای هەڵبژاردن بەروونی بوارو سنورو ئامانجی دەسەڵاتی کۆمسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردن بۆ دەرکردنی ڕێنمایی رابگەیەنێت.

– پێویستە یاسای هەڵبژاردن بەروونی رایبگەیەنێت کەناشێت ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردن پێچەوانە یان ناکۆك بن لەگەڵ یاسای هەڵبژاردندا.

– پێویستە یاسای هەڵبژاردن ڕێگە بدات بەبەشدارانی سیاسیو دەنگدەران کەسکاڵاو داواکاریگەلێك بخەنەڕوو کەلەئەنجامی گەلاڵەکردنی ڕێنماییەکانو جێبەجێکردنی هاتۆتەپێشەوە. پێویستە ئەم پرۆسەیە رەچاوی ئەو سکاڵاو داواکاریانەش بکات کە لەئەنجامی پێشێلکردنی یاسای هەڵبژاردنەوە لەلایەن کۆمسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردنەوە سەریهەڵداوە.

– پێویستە یاسای هەڵبژاردن بەروونی دەسەڵاتی ئەو بنەما یاساییانە رابگەیەنێت کەهەڵبژاردن بەڕێوەدەبەن.

– پێویستە بەروونی رابگەیەنرێت کەبەندە دەستوریو یاساییەکان لەرووی گرنگییەوە پێش ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردن دێن.

– پێویستە دەسەڵاتو رۆڵی کۆمسیۆنی

**لیستی ئەو زانیاریانەی کەپێویستە پشکنەر بیزانێ بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەبنەمای قەوارەی یاسایی:**

- ئایا سیستمی یاسایی بابەتیو روونو شەفافەو خەڵك دەستی پێی رادەگات؟

- ئایا مافە سەرەکیەکانی دەنگدان پارێزراون لەرێی پارێزگاریکردنی دەستوریەوە؟

ئایا چاوگێڕدراوەتەوە بەهەموو یاسا پەیوەندیدارەکاندا، لەوانە دەستور، یاسای هەڵبژاردنی گشتیو تایبەتی، هاولاتیبوون، پارتە سیاسیەکان، میدیاو یاسای تاوانکارییەکانی پەیوەست بەپێشێلکارییەکانی یاسای هەڵبژاردنو ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردنەوە ؟

ناوەندیی هەڵبژاردن بۆ دەرکردنی ڕێنمایی لەهەلومەرجی نائاساییدا یان لەڕۆژی هەڵبژاردندا بەروونی ڕابگەیەنرێت و دەستنیشان بکرێت و ڕابگەیەنرێت لەیاسای هەڵبژاردندا.

### ٦. ڕەهەندەکانی پرۆسەی چاودێریی:

پێویستە پشکنەر چاوبگێڕێتەوە بەکۆی ئەو بەندە یاساییانەی شیاوی جێبەجێکردنن لەوڵاتێکدا کەڕەنگە پەیوەست بێت بەو مەسەلانەی لەلانیکەمی پێوەرەکانی ئەم ڕێنماییانەدا ڕاگەیەندراون. نابێت هەرگیز پشکنەر وا دابنێت کەمەسەلەیەك باس نەکراوە لەسیستەمی یاساییدا تەنها لەبەرئەوەی لەیاساکانی هەڵبژاردندا باس نەکراوە. پێویستە پشکنەر بەهەموو بەندە یاساییە پەیوەندیدارەکاندا بچێتەوە لەوانە دەستوری وڵاتەکەویاساکانی تر زانراوە یاساییەکانی تر کەکاریگەرییان هەیە لەسەر پرۆسەکانی هەڵبژاردن. ئەگەر کراو گونجاو بوو، پێویستە ڕێنمایی و ڕێساکانی کۆمسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردن بخرێنە ناو پرۆسەی پێداچونەوەکەوە.

## چوارەم - سیستمی هەڵبژاردن:

**ئامانج:** دەبێت ئیختیاری سیستمی یاسایی دەستەبەری لانیکەمی پێوەرەکان بۆ هەر هەڵبژاردنێکی دیموکراتی لەخۆبگرێت بەو مانایەی کام دامودەزگا هەڵبژێردراوە.

### ١. هەڵبژاردنی سیستم:

ئەگەر ئیختیاری وڵاتێك بۆ سیستمی هەڵبژاردنەکەی، کۆك بێت لەگەڵ لانیکەمی پێوەرەکاندا بۆ هەڵبژاردنە دیموکراسیەکان، پێویستە ڕێزی لێبگیرێت. ئەو تێکستانەی بۆ سەرچاوە بەکاردێت لەبارەی سیستمە جۆراوجۆرەکانی هەڵبژاردنەوەو دەکرێت چاودێر سەرنجیان بدات، لەسەرچاوە تەواوکەرەکانی پاشەکیەکەدا هاتوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەندەی دەکرێت پێویستە چاودێر چاوکراوە بێت لەئاست ئەو ئاکامە نالەبارانەی کەدەکرێت لەئەنجامی بەکارهێنانی سیستمێکی هەڵبژاردنی تایبەتەوە بکەوێتەوە لەچوارچێوەی وڵاتێکی دیاریکراودا. هەرچەندە لەوانەیە حیزبی فەرمانڕەوا پلانی دەستنیشانکردنی

سیستمێکی هەڵبژاردنی نەبێت، بەڵام لەوانەیە سودێکی ناعادیلانە ببەخشرێتە حیزبی فەرمانڕەوا لەهەڵبژاردنەکاندا. بۆیە، ئەگەر هەندێك پرسیار هەبێت لەم بارەیەوە، کارێکی بەسود دەبێت ئەگەر تاوتوێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پێشو بکرێت، بەو مەبەستەی ئەوە ببینین ئاخۆ دەسەڵاتی سیاسی حیزبی فەرمانڕەوا بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕاوە لەپاش گۆڕانەکانی سیستمی سیاسییدا. ئەگەر پێویستی کرد، لەوانەیە پشکنەر لەوەش بکۆڵێتەوە کەحیزبی فەرمانڕەوا ماوەی چەند لەدەسەڵاتدا بووەو رادەی بەشداریکردنی حیزبی فەرمانڕەوا لەبەکاربردنی یان ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکان لەسیستمێکی تایبەتی هەڵبژاردندا چەند بووە ئەمە بەتایبەت راستە بۆ سیستمێکی نوێنەرایەتی رێژەیی کەیاسا رێژەیەکی دەنگ دیاریدەکات وەك سەرەتایەکی یاسایی بۆ زامنکردنی کورسییەك لەدەسەڵاتی یاسادانانەدا.

وەك بەشێك لەسیاقی پیاچونەوەی یاساکان، پێویستە پشکنەر لەوەش بڕوانێت ئاخۆ وڵاتێك دابەش بووە لەروی سیاسی و ئاینی و ئەتنییەوە، هەروەها ئاخۆ کەمینەکان بەشێوەیەکی گونجاو نوێنەری کراون لەسیستمی سیاسیدا. ئەگەر وڵاتێك گرفتێکی تایبەتی هەبو، کەبتوانرێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ بگێڕدرێتەوە بۆ ئیختیاری سیستمی هەڵبژاردن یاخود چارەسەر بکرێت بەبەکارهێنانی سیستمێکی هەڵبژاردنی جیاواز، ئەوسا پێویستە پشکنەر سەرنج بدات لەسەر باشی و خراپیەکانی سیستمە جیاوازەکانی هەڵبژاردن و پێشنیاری تایبەتیش بخاتەرو. تێکستی سەرچاوەکان لەبارەی سیستمە هەمەجۆرەکانی هەڵبژاردنەوە کەبۆ لێدوان لەبارەی گرفتە تایبەتەکانەوە دارێژراون، وەك کۆمەڵێك کەدابەشبووە بەهۆی ململانێی ئەتنییەوە، لەپاشکۆدا هاتوون.

### ٢. دەزگا هەڵبژێردراوەکان

رونکردنەوەی لانیکەمی پێوەر لەبارەی ئەوەی پێویستە کام لەو دەزگایانە پێکبهێنرێن لەرێی هەڵبژاردنە دیموکراسییەکانەوە ئەو پێوەرانەیە کە

لەبڕگەی ٧-٢ بەڵگەنامەی (کۆبنهاگن)ی ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری OSCE ئەوروپا ١٩٩٠ دا هاتوە، کەتیایدا هاتووە " لانیکەم هەموو کورسییەکانی بەشی یاسادانانی وڵات پێویستە بەئازادانە پێشبڕکێی لەسەر بکرێت لەدەنگدانێکی جەماوەریدا." لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە پشکنەر بەئاگابێت لەوەی وڵاتێك کەهەوڵی چونەناو ڕێکخراوێکی تایبەتی نێودەوڵەتی دەدات، یان بەڵگەنامەیەکی یاسایی نێودەوڵەتی ئیمزاکردوە، داوای لێدەکرێت هەڵبژاردنی دیموکراتی ئەنجامبدات بۆ دەزگاکانی تریشی.

### ٣. دوبارەبونەوەی ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنەکان

ڕوونکردنەوەی لای کەمی ئەو پێوەرەی دەبێتەهۆی دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن ئەو پێوەرەیە کە لەبڕگەی ٧,١ی بەڵگەنامەی (کۆبنهاگن)ی ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپا ١٩٩٠ دا هاتووە، کەدەخوازێت هەڵبژاردنە دیموکراسییەکان لەماوەی گونجاودا ئەنجامبدرێن، وەك ئەوەی لەیاسای کارپێکراودا چەسپاوە. ئەمەش ئەوە دەخوازێت کەهەڵبژاردنەکان بەگوێرەی ئەو سیستمە یاساییەی هەیە ئەنجام بدرێت و پلانی بۆ دابنرێت بەگوێرەی ئەو سەقفە زەمەنیەی لەو سیستمەدا دانراوە.

### ٤. ڕێکخستنی یەکەکانی هەڵبژاردن:

پێویستە سیستمی یاسایی باسی ئەوە بکات کەچۆن یەکەکانی هەڵبژاردن (ناوچەکانی دەنگدان) ڕێکبخرێن. پێویستە ئەو سیستمە یاساییەی دیاریکردنی سنورەکانی یەکەکانی هەڵبژاردن ڕێکدەخات ئەم شتانە رابگەیەنێت: ١. دوبارەبونەوە ٢. پێودانگ ٣. رادەی بەشداریی جەماوەر ٤. ڕۆڵەکانی هەر یەك لەدەسەڵاتی یاسادانان و قەزاو جێبەجێکردن ٥. کێ دوا دەسەڵاتی لەدەستدایە بۆ هەڵبژاردنی دوا پلان بۆ یەکەکانی هەڵبژاردن. پێویستە یاسا ئەوەش دەستنیشان بکات کە لە چ هەلومەرجێکدا قەبارەی یەکەیەکی هەڵبژاردن بۆی هەیە لەدەستووری پێوەرەکان لابدات کەپێشتر جێگیربوون. پێویستە یەکەکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەك دەستنیشان بکرێن کەیەکسانی

دەنگدەران بپارێزێت. بەم شێوەیە، پێویستە یاسا داوابکات کەیەکەکانی هەڵبژاردن

**لیستی پشکنینی پشکنەر بۆ سیستمی یاسایی هەڵبژاردن**

- ئایا ئیختیاریی سیستمی هەڵبژاردن دەستەبەری لانیکەمی پێوەر دەکات بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد ؟
- ئایا هەموو کورسیەکانی، بەلانی کەم، یەك ژووری یاسادانانی نیشتمانی بەندە بەهەڵبژاردنە دیموکراسیەکانەوە؟
- ئایا هەڵبژاردنە دیموکراسیەکان لەکاتی دیاریکراوی گونجاودا ئەنجام دەدرێن؟
- ئایا سیستمی یاسایی قسە لەسەر ئەو شێوازە دەکات کەبەهۆیەوە یەکەکانی هەڵبژاردن رێکخراون؟

بەشێوەیەك دیاری بکرێن کەهەر یەکەیەکی هەڵبژاردن نزیکەی هەمان ژمارەی دەنگدەران لەخۆبگرێت. ئەو شێوازەی کەبەگوێرەی ئەوە یەکەکانی هەڵبژاردن دیاری کراون نابێت پرەنسیپی ماف یەکسانی لەدەنگداندا ببەزێنێت، کەبەردی بناغەی هەڵبژاردنە دیموکراسیەکانە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە نابێتە پێشەکییەك بۆ ئەوەی کەرەچاوی ئاسانکاریو دەستپێڕاگەیشتنی دەنگدەران بکرێت، لەوانە وێنەکێشانی سنورە ئیدارییەکانی پێش سنور دیاریکردنەکە.

لە حاڵەتی نمونەییدا، پێویستە سیستمی یاسایی رایبگەیەنێت کەئەو کەسو دەزگایانەی کەسنوری هەڵبژاردن دەکێشن دەبێت بێلایەنو سەربەخۆو شەرعی بن. هەروەها پێویستە سیستمی یاسایی هەستێت بەدابینکردنی زۆرترین زانیارییە گشتیەکانو بەشداریی کردنی لەپرۆسەکەدا لەپێناو دیاریکردنی یەکەکانی هەڵبژاردن.

## پێنجەم: مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتن

**ئامانج:** پێویستە سیستمی یاسایی ئەوە دەستەبەر بکات کەهەموو هاوڵاتیان لەتەمەنی کامڵبوونەوە بەدڵنیاییەوە مافی گشتی و یەکسانی دەنگدانیان هەیە.

### ١. مافی دەنگدانی گشتی و یەکسان

لانیکەمی پێوەر کەپێویستە سیستمی یاسایی بریتیە لەدەستەبەرکردنی مافی دەنگدانی گشتی و یەکسان بۆ هەر هاوڵاتیەکی کامڵ. پێویستە مافی هەڵبژاردن دەستەبەربکرێت بۆ هەر هاوڵاتیەك کەدەگاتە تەمەنی کامڵ بوون. رەنگە مافی خۆپاڵاوتن تەمەنێکی زۆرتر بخوازێت لەتەمەنی کامڵبوون. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە مافی خۆپاڵاوتن دەستەبەربکرێت بۆ هەر هاوڵاتیەك کەدەگاتە تەمەنی یاسایی دەستنیشانکراو.

### ٢. جیاکارینەکردن

پێویستە سیستمی یاسایی دەستەبەری ئەوە بکات کەهەموو هاوڵاتیەکی سەرو تەمەنێکی دیاریکراو مافی دەنگدانی هەبێت و هەموو کەسێکیش کە مافی دەنگدانی هەبێت رێپێدراوە کەمافی دەنگدانەکەی بەبێ هیچ جۆرە جیاکارییەك جێبەجێ بکات بەپێی پرەنسیپی بناغەی مامەڵەی یەکسان لەبەردەم یاسادا. رونکەرەوەی ئەم بنەمایە پەرەگراف ٧,٣ ی بەڵگەنامەی (کۆپنهاگن) ی رێکخراوی ئاسایش و هاریکاریی ئەوروپایە کەزامنی "مافی دەنگدانی یەکسان" دەکات. جێبەجێکردنی ئەم بنەمایە ئەوە دەخوازێت کەئەو کەسەی مافی دەنگدانی یەکسانی هەیە رێیبدرێت ئەو مافی دەنگدانەی جیبەجێ بکات بەبێ هیچ جۆرە جوداکارییەك ، وەك جوداکاریی رەگەزی، رەنگ، زمان، ئاین، بۆچونی سیاسی یان بۆچونی ترو کۆمەڵایەتی یان نەتەوەیی، ئینتیما بۆ کەمینەیەکی دیاریکراوو موڵك و بنچینەی نەژادی یان دۆخی تر. پێویستە پشکنەر پێداچونەوەو هەڵسەنگاندن بکات بۆ هەر یاسایەك کەجێبەجێ بکرێت دژ بەهاوڵاتی لەکاتی ئەنجامدانی مافی دەنگدانیدا.

### ٣. لێکۆڵینەوە لەهەر بەرگرتنێک لەمافی دەنگداندا

پێویستە سیستمی یاسایی بەروونی بەیانی بکات کەلە چ هەلومەرجێکدا رەنگە ماف دەنگدانی کەسێك سنوردار بکرێت یان هەڵبپەسێردرێت دەبێت بەچ شێوازو بە چ رادەیەك بێت. پێویستە لێکۆڵینەوە بکرێت لەهەر حاڵەتێکی سنوردارکردنی ماف هەڵبژاردنو ماف خۆپاڵاوتنو پێویستە هەر سنوردارییەك یان بەرگرتنێك بەهۆی هەلومەرجە نائاساییەوە بەرونی هۆکارەکەی بخرێتەروو. پێویستە لەسەر پشکنەر لێکۆڵینەوە بکاتو وریا بێت لەبەرئەوەی ماف دەنگدان مافێکی بنچینەیی مرۆڤە.

**لیستی پشکنینی پشکنەر بۆ دەنگدانو خۆپاڵاوتن**

- ئایا هەموو هاوڵاتییەکی کاملٚ مافی دەنگدانی یەکسانو گشتی هەیە؟
- ئایا سیستمی یاسایی ئەوە دەستەبەر دەکات کەمافی دەنگدان بەبێ جیاکاری جێبەجێ بکرێت بەپێی پرەنسیپی مامەڵەی یەکسان لەبەردەم یاسادا؟
- ئایا هیچ سنوربەندییەك یان بەرگرتنێك لەمافی دەنگداندا هەیە؟ گەر وایە، ئایا بەروونی بەهۆی بارودۆخی نائاساییەوە پاساوی بۆ هێنراوەتەوە.

## شەشەم: لیژنەو ئەنجومەنەکانی هەڵبژاردن:

**ئامانج**: پێویستە سیستمی یاسایی داواکات کەکۆمسیۆن/هەیئەکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەك پێکبهێنرێن و بکەونە کارەوە کەدەستەبەری سەربەخۆیی و بێلایەنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان بکەن.

### ا. پێکهێنانی لیژنەو ئەنجومەکانی هەڵبژاردن

بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنە دیموکراتیەکان دەخوازێت کەلیژنەو ئەنجومەکانی هەڵبژاردن سەربەخۆو بێلایەن بن. ئەمە بوارێکی گرنگە لەبەرئەوەی میکانیزمی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان بڕیاری گرنگ دەردەکات و جێبەجێ دەکات کەدەکرێت کاریگەریان لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان هەبێت. پێویستە پشکنەر بەئاگابێت لەهەلومەرجی سیاسیی ئەو وڵاتەی کە لەتاوتوێکردندایە لەکاتی هەڵسەنگاندنی ئەو سیستمە یاساییەی کەلیژنەو ئەنجومەکانی هەڵبژاردن رێکدەخات.

رەنگە چارەسەری حیزبیانە بۆ پێکهاتەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن چارەسەرێکی حازربەدەست بێت، بەڵام پێویستە پشکنەر لێکۆڵینەوەی تایبەت ئەنجام بدات بۆ ئاکامە راستەقینەکانی ئەم چارەسەرە. تێروانینی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، ئەگەر هەبو، دەکرێت یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ دەستنیشانکردنی دەرەنجام و لاوازییە عەمەلییەکانی رێوشوێنێکی تایبەت. ئەگەر سیستمی یاسایی چارەسەرە حیزبییەکەی بەلاوە پەسەندبوو، ئەوسا پێویستە قسە لەسەر ئەوەبکات چۆن و کەی گۆڕانکاری لەئەندامێتی ئەنجومەندا بکرێت ئەو کاتەی لەبەهێزیی و ئەندامێتی حیزبەکاندا گۆرانێك روبدات بەتایبەت کاتێك حیزبی نوێ بێتەکایەوە.

ئەو بونیادە ئیدارییەی کەسیستمی یاسایی دایدەمەزرێنێت پێویستە کۆمسیۆنێکی هەڵبژاردنی ناوەندی یان دەوڵەتی لەخۆبگرێت کەدەسەڵات و لێپرسراوێتی هەبێت بەسەر کۆمسیۆنە فەرعیەکانی

هەڵبژاردندا. پێویستە کۆمسیۆنێکی هەڵبژاردنی فەرعی هەبێت بۆ یەکەی هەڵبژاردن ( ناوچەی دەنگدان) کەتێیدا ئەندامێکی دەسەڵاتی یاسادانان هەڵدەبژێردرێت. بوونی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی ناوەڕاست بەسیستمی هەڵبژاردن و ئەو فاکتەرە جوگرافی و دیمۆگرافیانەی تایبەتن بەو وڵاتەوە، هەروەها پێویستە پشکنەر بەئاگابێت لەو کۆمسیۆنانەی هەڵبژاردن کەوا دەردەکەوێت پێویست نەبن. پێویستە نزمترین ئاستی بونیادی کۆمسیۆنەکانی هەڵبژاردن ئەو بنکەی دەنگدانانە بێت کەدەنگدانەکە تێیدا بەڕێوەدەچێت. گرنگە کەسیستمی یاسایی دەستنیشانی پەیوەندیی نێوان کۆمسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردن و کۆمسیۆنە نزمترەکانی هەڵبژاردن بکات و هەروەها پەیوەندیی نێوان هەموو کۆمسیۆنەکانی هەڵبژاردن و دەسەڵاتە جێبەجێکەرە حکومییەکان.

پێویستە دەسەڵات و بەرپرسیارێتی هەر ئاستێکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لەسیستمی یاساییدا بەرونی دەستنیشان بکرێت. پێویستە یاسا بەروونی باس لەهەلومەرجی چۆنێتی بەڕێوەچونی کۆمسیۆنەکە بخاتە روو. پێویستە یاسا بەیانی بکات چۆن و کەی وچ جۆرە ئاگادارکردنەوە یان راپۆرتێک لەبارەی کۆبونەوەکانی کۆمسیۆنەوە بەجەماوەر بدرێت. پێویستە یاسا بەیانی بکات کەمترین ژمارەی ئامادەبوو چەندە بۆ هەر کۆبونەوەیەک، رێساکانی دەنگدان بۆ بڕیارەکان، شێوازی بڵاوکردنەوەی بڕیارەکان و مەرجی رونیش بخاتەڕو بۆ شەفافیەت بۆ ئەوەی کاری کۆمسیۆنەکە رەچاوو چاودێری کراو بێت.

هێندەی بکرێت دەبێت، ئەو کەسە تەکنۆکراتانەی شارەزای سیستمی یاسایی وڵاتێکن پێویستە ئەو کەسانە بن کەدەستنیشانکراون بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی وڵاتەکە. بۆیە، یەکێک لەو مەرجە هاوبەشانەی کە لەزۆرێک لەسیستمە یاساییەکاندا دەیبینین ئەوە دەخوازێت کەئەندامانی کۆمسیۆنەکان لەسەر هەموو ئاستەکان، پێشینەیەک یان راهێنانیان هەبێت لەبواری یاسادا. بەڕوکەش مەرجێکی لەو چەشنە قبوڵکراو دێتە پێش چاو هەرچەندە رەنگە زۆر سنورداركەر بێت بۆ ئەو

کۆمسیۆنانەی لەئاستێکی نزمتردان یان کۆمسیۆنەکانی بنکەکانی دەنگدان. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە پشکنەر تا ئەو رادەیەی رێی تێدەچێت ئەو مەرجانە هەڵبسەنگێنێت لەچوارچێوەی وڵاتێکی سنوردارکەر. ئایا دەرەنجامی مەرجێکی لەو چەشنەیە کەوادەکات تەنها ئەو کەسانە بۆیان هەیە ببنە ئەندام لەو کۆمسیۆنەدا کەلایەنگیری حیزبێکی دیاریکراون؟ رەنگە ئەمە لەو حاڵەتانەدا روبدات کەیاسا داوادەکات ئەندامانی کۆمسیۆن دادوەر بن‌و حیزبی دەسەڵاتداریش هەموو دادوەرەکان دابمەزرێنێت. ئەگەر کرا، پێویستە پشکنەر هەوڵبدات مانا پراکتیکیەکانی ئەو مەرجە یاساییانە بسەلمێنێت کەپاڵاوتنی ئەندامانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن رێکدەخات.

پێویستە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی حکومی یان ناوەندی دەزگایەك بێت کە لەسەر بناغەیەکی چالاك کاربکات نەك تەنها بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی پێش هەڵبژاردنەکان. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەکۆمسیۆنی هەڵبژاردنی ناوەندی پێویستە بەگوێرەی یاسا داوابکات کەبەردەوام کاربکات بۆ چاککردنی تۆماری دەنگدەران‌و گرتنەبەری هەنگاوی تر کەپرۆسەی هەڵبژاردن باشتردەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاساییە بۆ کۆمسیۆنە نزمترەکانی هەڵبژاردن، وەك کۆمیتەکانی بنکەکانی دەنگدان، کەدەزگاگەلێکی کاتی بن کەبەر لەهەڵبژاردنەکان پێکدین. پێویستە سیستمی یاسایی داوابکات کەئەو دەزگایانە لەکاتی خۆیدا پێکبهێنرێن بەر لەهەڵبژاردنەکان‌و بەشێوەیەکی گونجاویش کۆمەك بکرێن. هەروەها پێویستە سیستمی یاسایی کۆمەکی تەواو دەستەبەر بکات بۆ چالاکییە بەردەوامەکانی کۆمسیۆنی ناوەندی هەڵبژاردن.

پێویستە سیستمی یاسایی ئەوە دەستەبەر بکات کەشێوازی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بێلایەنانە بێت. لەمەش زیاتر، پێشنیاردەکرێت کەخولی ئەندامبوون رێکبخرێت تا بەردەوامی هەبێت لەکاری ئەندامە بەدوایەکداهاتوەکاندا. پێویستە شێوازی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمسیۆن کراوەو شەفاف بێت. پێویستە سیستمی یاسایی بناغەو پرۆسەکانی لابردنی ئەندامان دیاری بکات. پێویستە یاسا ئەو مەرجانەشی

تێدابێت کەداڕێژراون بۆ بەهێزکردنی سەربەخۆیی و بێلایەنی ئەندامەکان، لەوانە ئەو مەرجانەی ئەندامان دەپارێزێت لەدەرکردنی هەڕەمەکی و بەخشینی پارێزراوی لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکە یاساییەکاندا. هەروەها پێویستە یاسا مافەکانی هەر یەکێك لەئەندامانی کۆمسیۆنەکە دیاری بکات، لەوانە ئاگادارکردنەوە لەکاتی کۆبونەوەکان لەکاتی خۆیدا بەشێوەیەکی گونجاو، ماف دەستڕاگەیشتن بەهەموو بەڵگەنامەکانی کۆمسیۆن و ماف بەشداریکردن لەهەموو کۆبونەوەکانی کۆمسیۆندا.

پێویستە پشکنەر لەوە دڵنیابێت کەسیستمی یاسایی ئەوە دەستەبەر دەکات کەکۆمسیۆنی هەڵبژاردن دەزگایەکی سەربەخۆ دەبێت کەئەرکەکانی بەشێوەیەکی بێلایەنانە جێبەجێ دەکات. پێویستە سیستمی یاسایی بەروونی ئەرکەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دیاری بکات، لەوانە ئەم ئەرکانەی خوارەوە:

- دڵنیابوون لەوەی کەئەو کاربەدەست و کارمەندانەی کەبەرپرسن لەبەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان ڕاهێنراون و بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بێلایەن دەجوڵێنەوە.
- دەستەبەرکردنی ڕێوشوێنێکی ڕێکوپێکی دەنگدان و ناسرێنراو بەدەنگدەران.
- دڵنیابوون لەوەی دەنگدەران زانیارییان دراوەتێ و هۆشیارییان هەیە لەبارەی پرۆسەکانی هەڵبژاردن و حیزبە سیاسییەکان و پاڵێوراوەکانەوە.
- دڵنیابوون لەتۆمارکردنی دەنگدەران و بەردەوام نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران.
- دڵنیابوون لەیەکچوونی سندوقەکانی دەنگدان لەڕێی ڕێوشوێنی گونجاوەوە بۆ ڕێگرتن لەدەنگدانی نایاسایی و فێڵاوی.
- دڵنیابوون لەسەلامەتی و دروستی پرۆسەی ئامارو جیاکردنەوەی دەنگەکان.
- پەسەندکردنی دوا ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و مۆرکردنیان.

### ٢. کاری لیژنەو ئەنجومەنەکانی هەڵبژاردن

بێ گوێدانە ئەوەی ئەنجومەنەکانی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن چۆن پێکهاتون و رادەی لایەنگیری تیایاندا چەندە، پێویستە

ئەو ئەنجومەنانە بەشێوازێکی سەربەخۆو راستو بێلایەنانە کاربکەن. هەر کەپێکهات پێویستە لیژنەی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن خزمەتی بەرژەوەندییەکانی هەموو هاوڵاتیانو بەشدارانی هەڵبژاردنەکان بکات. نابێت هیچ کۆمسیۆنێکی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لایەنگیرانە بجوڵێتەوە یان لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا لایەنگیری پیشانبدات.

پێویستە سیستمی یاسایی هەندێك میکانیزمیش دابین بکات بۆ دەنگدەرو چاودێرو حیزبی سیاسیو پاڵێوراوی حەق خوراو تا بۆ ئەوەی داوای دادپەروەری بکات لەدوا بڕیاری کۆمسیۆنی هەڵبژاردندا. دەکرێت ئەو میکانیزمە پەنابردنەبەر بێت بۆ کۆمسیۆنێکی هەڵبژاردنی بالاتر، ئەگەر بڕیارەکەش لەبەرزترین کۆمسیۆنی/هەیئەی هەڵبژاردنەوە بوو، ئەوە سکالاکە دەچێتە دادگا. خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کەسیستمی یاسایی رێوشوێنێکی وەهای رەچاو کردبێت کەبڕیارێکی کۆمسیۆنی یان لیژنەی هەڵبژاردن هەڵبوەشێنرێتەوە.

## لیستی پشکنینی پشکنەر بۆ کۆمسیۆن یان لیژنەکانی هەڵبژاردن

- ئایا سیستمی یاسایی داوادەکات کەکۆمسیۆنەکانی هەڵبژاردن بەشێوازێکی سەربەخۆو بێلایەن دابمەزرێن؟
- ئایا سیستمی یاسایی داوادەکات کەکۆمسیۆنەکانی هەڵبژاردن بەشێوازێکی سەربەخۆو بێلایەن کاربکەن؟
- ئایا سیستمی یاسایی داوای شەفافیەت دەکات لەدامەزراندنو خستنەگەڕی کۆمسیۆنەکانی هەڵبژاردنداو چاودێری داناوە بۆ چاودێریکردنی کارەکانیان؟
- ئایا سیستمی یاسایی دەسەڵاتوبەرپرسیارێتی هەر یەك لەکۆمسیۆنەکانی هەڵبژاردنو هەروەها پەیوەندی ئەو کۆمسیۆنانە بەدەزگا حکومیەکانو دەسەڵاتە جێبەجێکەرەکانی ترەوە،بە رونی دیاریکردووە؟
- ئایا سیستمی یاسایی هەلی تەواوی دابین کردووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارێکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن؟
- ئایا سیستمی یاسایی ئەندامانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دەپارێزێت لەلابردنی هەڕەمەکی؟

## حەوتەم: پرۆسەی تۆمارکردنی دەنگدەران و تۆمارەکان:

**ئامانج:** پێویستە سیستمی یاسایی داوابکات کەتۆماری دەنگدەران بەشێوازێکی شەفاف و ورد بپارێزرێت و مافی هاوولاتیانی گەیشتوو بەتەمەنی یاسایی بپارێزێت لەتۆمارکردن، هەروەها رێبگرێت لەتۆمارکردنی نایاسایی و ساختەیی کەسەکان.

### ١.شەفافیەت لەپرۆسەکەدا

مافی دەنگدان بەهایەکی ئەوتۆی نابێت ئەگەر سیستمی یاسایی بەربەستی لەبەردەم تۆمارکردنی ناوەکاندا دانا. هەروەها ئەم مافی دەنگدانە بەهایەکی کەمی دەبێت ئەگەر سیستمی یاسایی شکستی هێنا لەوەی وردبین بێت لەتۆماری دەنگدەراندا یاخود ساختەکاری یان دووجار دەنگدانی ئاسان کرد. بۆیە لانیکەمی پێوەر بۆ تۆماری دەنگدەران و پاراستنی تۆمارەکان بەوە دەبێت کەشەفافیەتێکی کامڵ و تەواو هەبێت لەپرۆسەکەدا. پێویستە شەفافیەتی کامڵ و تەواو لەپرۆسەکەدا ئەوە دەستەبەر بکات کەتۆمارکردن ئاسانە بۆ ئەو کەسەی مافی دەنگدانی هەیە، لەهەمان کاتیشدا ئەوە زامنی وردبینی بکات بۆ رێگرتن لەساختەکاری لەدەنگداندا. پێویستە پشکنەر بەوریاییەوە چاوبگێڕێتەوە بەسیستمی یاساییداو قەناعەتی هەبێت کەسیستمی یاسایی دەستەبەری شەفافیەت دەکات لەپرۆسەی تۆماری دەنگدەران و پاراستنی تۆمارەکاندا.

پێویستە سیستمی یاسایی بەرونی ئەو شێوازە دیاریبکات کەرەوایەتی دەنگدەران یەکلادەکاتەوە، وەك ئەو بەڵگەنامانەی کەپێویستن بۆ ئەوەی پرۆسەکە بەتەواوی شەفاف بێت روبەڕوی بڕیاری هەڕەمەکی نەبێتەوەو بتوانرێت بەئاشکرا چاودێری بکرێت بەشێوەیەکی بابەتی.

شەفافیەت دەخوازێت کەتۆماری دەنگدەران بەڵگەنامەیەکی گشتی بێت کەلەبەردەستدابێت بۆ پشکنین بەبێ ئەوەی داواکاری پشکنین هیچ کولفەیەکی لەسەر بکەوێت. پێویستە سیستمی یاسایی بەرونی دیاریبکات کەکێ دەشێت بەو پشکنینە هەڵبسێت و چۆن پشکنینەکە بەڕێوەدەچێت و

لەچ ماوەیەکیشدا تۆماری دەنگدەران لەبەردەستدا دەبێت بۆ پشکنینی گشتی. پێویستە سیستمی یاسایی بەرونی ئاشکرای بکات کەبەکارهێنانە رێپێدراوەکانی ئەو زانیاریانە چین کەلە پشکنینی تۆماری دەنگدەرەکانەوە بەدەستهاتوەو ئاخۆ دەشێت ئەو زانیاریانە بۆ مەبەستی تر بەکاربێت جگە لەنارەزایی دەربڕین بەرامبەر بەتۆمارکردنی دەنگدەرێکی تایبەت. بەتایبەت پێویستە یاسا ئاشکرای بکات ئاخۆ ئەو زانیاریانە دەکرێت بەکاربێت بۆ چالاکیەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی حیزبە سیاسییەکانو پاڵێوراوەکان. پێویستە سیستمی یاسایی سزاش دیاریبکات بۆ خراپ بەکارهێنانی ئەو زانیاریانەی لەتۆماری دەنگدەرەکانەوە سەریهەڵداوە. پێویستە یاسا ئەوەش دیاریبکات ئاخۆ تۆماری دەنگدەرەکان دەخرێتەبەردەست لەفۆرمێکی ئەلیکترۆنیدا ئەگەر فۆرمێکی لەو شێوەیە داواکرا.

پێویستە سیستمی یاسایی بەرونی ئەوە دەستنیشان بکات کەکێ رێپێدراوە داوای گۆڕان بکات لەتۆمارکردندا یان داوای زیادکردنی ناو بکات، چۆنو لەچ ماوەیەکیشدا ئەو داوایانە بکرێتو. نابێت داواکردنی گۆڕانکاریو زیادکردنی ناوو سڕینەوەی تۆماری دەنگدەران بخرێتە ماوەیەکی دیاریکراوی بەر لەهەڵبژاردنەوە، تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێت کەپێویستە تۆمارەکان یەکلابکرێنەوە بەر لەهەڵبژاردنەکان.نابێت رێ لەتاك بگیرێت کەداواکاری لەدژی کەسایەتیی تر بەرزبکاتەوە. پێویستە رێگە بدرێت بەتاك کەداوایەك بخاتەڕوو کەکاریگەریی لەسەر کەسێکی تر هەیە، بەمەرجێك ئەو کەسەی تر ئاگادارکرابێتەوە لەداواکەو رێپێدراوبێت کەوەڵامی داواکە بداتەوە. لەوەش زیاتر، پێویستە داوا بۆ گۆڕانکاریکردن بخرێتە بەردەست بۆ پشکنینی گشتی. پێویستە گۆڕانکاریوناو زیادکردنو سڕینەوە تەنها لەحاڵەتی خستنەڕوی بەڵگەنامەی تایبەتدا بکرێتو بەگوێرەی ئەو رێوشوێنانەش بێت کەلە سیستمی یاساییدا هاتوە. پێویستە بڕیار لەسەر داواکان ئەوەندەی دەکرێت بەخێرایی بدرێتو لەماوەیەکدا کەیاسا دیاریکردوە. دەبێت بڕیارە دژەکان شیاوی تێهەڵچونەوە بن پێویستە

چاوپیاگێرانەوەکانیش بەپەلە بڕیاریان لەسەر بدرێت، لەو ماوە زەمەنیەدا کەیاسا دیاریی کردوە.

دەکرێت سیستمی تۆمارکردنی دەنگدەرەکان (چالاك) یان سست بێت. دەشێت دوا بەرپرسیارێتی ووردیی وپوختەیی تۆماری دەنگدەران لەئەستۆی دەسەڵاتە ناوچەییەکان یان دەسەڵاتی ناوەندیی دەوڵەت بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە پشکنەر بەوریاییەوە بەو مەرجانەدا بچێتەوە کەرۆڵیان هەیە لەمەسەلەکەداو دڵنیابێت کەئەو سیستمەی یاسا هێناویەتە کایەوە زامنی ئەوە دەکات کەتۆماری دەنگدەران پارێزراودەبن بەشێوەیەکی وردو شەفاف کەمافی هاوڵاتیانی گەیشتوو بەتەمەنی یاسایی دەپارێزێت لەتۆمارکردنداو رێدەگیرێت لەتۆمارکردنی ساختەو نایاسایی.

هەروەها پێویستە سیستمی یاسایی داوا بکات کەتۆماری دەنگدەران بەشێوەیەکی تەواو روون ماوەیەکی زۆر بەر لەهەڵبژاردنەکان نوێبکرێنەوە و راستبکرێنەوە تا هەل بدەنە بەشداران‌و دەنگدەرانی هەڵبژاردنەکان کەچاوی پیابگێڕنەوە بۆ دڵنیابوون لەوردی‌و دروستی تۆمارەکان.

### ٢. پاراستنی زانیاری‌وداتای کەسی

جگەلە داواکردنی شەفافیەتی تەواو بۆ پاراستنی سەلامەتی تۆماری دەنگدەران، پێویستە یاسا رەچاوی پاراستنی زانیاری‌وداتای کەسییە تایبەتەکان بکات کەلەمیانی تۆمارکردنی دەنگدەرانەوە کۆکراوەتەوە. سیستمی یاسایی داوای ئەوە دەکات کەتاك چ وەك دەنگدەر یان پاڵێوراو زانیاری دیاریکراو بدات بەدەسەڵاتداران بۆ هەندێ مەبەستی وەك تۆمارکردن. پێویستە پشکنەر بەوردیی بەسیستمی یاساییدا بچێتەوەو دڵنیابێت لەوەی کەبوار نادرێت بەکۆکردنەوەو بەکارهێنان یان بڵاوکردنەوەی داتا یان زانیاری شەخسی بەهەر شێوەیەك بێت‌و بۆ هەر مەبەستێك جگە لەمومارەسەکردنی مافی دەنگدان. بەتایبەت، پێویستە چاودێر بەوریایی بەو مەرجانەدا بچێتەوە کەپەیوەندییان هەیە بە پەنجەمۆرو فۆتۆگراف‌و ژمارەی ناسنامە کەسییەکان شانبەشانی نەژاد یان فاکتەری تر کەدەکرێت

ببنــە هــۆی جیاکــاریکردن یــان مەترســی ئازارگەیانــدنی کەســی بەدەنگــدەر. هــەروەها پێویستە پشکنەر بەوریاییــەوە چاوبگێڕێتەوە بەمەرجــە یاســاییەکانداو هەڵیانبســەنگێنێت کــەجۆری ئــەو زانیــاری، یــان داتــا کەســییانە دیاریـــــدەکات کەتایبەتـــــە بەدەنگـــــدەرو بەئاشکرا دەچێتە لیستی تۆمارەکانەوە.

## لیستی پشکنینی پشکنەر بۆ تۆمـارکردنو تۆماری دەنگدەر

- ئایا پرۆسەی تۆمارکردنەکە رەچاوی ئەوەی کردوە تۆمارکرنەکە وردو شەفاف بێت؟
- ئایــا پێویســـتیەکانی تۆمـــارکردنی دەنگـــدەر بەرونیو بەشێوەیەکی بابەتی نوسراون ؟
- ئایــا یاســا بــەڕوونی دەستنیشــانی کــردوە کــام دۆکیومێنتانە پێویستن بۆ تۆمارکردن بۆ دەنگدەر؟
- ئایـــا رێوشـــوێنی ســـکاڵاکردن دژ بـــەبڕیاری تۆمارکردن بەرونیو بەشێوەیەکی بابەتی ناوبراوە؟
- ئایا ماوەی سـکاڵاکردن دژ بـەبڕیاری تۆمـارکردن بەڕونی دیاریکراوە؟
- ئایا دەنگدەر پـارێزراوە لەبەهەڵـە درکانـدنی داتـاو زانیارییە کەسییەکان؟

## هەشتەم : پارتە سیاسییەکان‌و پاڵێوراوان (کاندیدەکان)

**ئامانج:** پێویستە سیستمی یاسایی دەستەبەری ئەوە بکات کەهەموو پارتە سیاسییەکان‌و پاڵێوراوان لەسەر بنەمای مامەڵەی یەکسان لەبەردەم یاسادا دەتوانن پێشبڕکێ بکەن لەهەڵبژاردنەکاندا.

### ١. مامەڵەکردنی یەکسان لەبەردەم یاسادا

پێویستە سیستمی یاسایی ئەوە دەستەبەر بکات کەهەموو پارتە سیاسییەکان‌و پاڵێوراوەکان دەتوانن کێبڕکێ بکەن لەهەڵبژاردنەکاندا لەسەر بناغەی مامەڵەی یەکسان لەبەردەم یاسادا. بڕگەی ٧-٥و ٧-٦ ی بەڵگەنامەی ١٩٩٠ ی (کۆپنهاگن) ی ڕێکخراوی ئاسایش‌و هاریکاریی ئەورووپا ئەمەی رونکردەوە.

پەرەگرافی ٧-٥ ی بەڵگەنامەی کۆپنهاگن داوادەکات کەرێبدرێت بەهاوڵاتیان " بێ جیاکاریی هەوڵی بەدەستهێنانی پۆستی سیاسی یان حکومی بدەن، چ وەك تاکەکەس یان وەك نوێنەری پارتە سیاسییەکان یان ڕێکخراوەکان". بەم شێوەیە ئەو پاڵێوراوانەی هەوڵی بەدەستهێنانی پۆست دەدەن‌و دەتوانن وەك پاڵێوراوی حیزب یان سەربەخۆ خۆیان بپاڵێون. لەمەش زیاتر، پاڵێوراوەکان، بەبێ گوێدانە لایەنگیریی حیزبی یان نەبوونی لایەنگیری حیزبی، نابێت جوداکارییان لەدژ ئەنجامبدرێت.

بڕگەی بەڵگەنامەی کۆپنهاگن داوای ڕێزگرتنی " مافی تاکەکەسەکان‌و گروپەکان دەکات بۆ دامەزراندنی حیزبی سیاسی خۆیان یان ڕێکخراوی سیاسیی تر بەوپەڕی ئازادییەوەو، "حکومەتیش " زەمانەتە یاساییە پێویستەکان بۆ ئەو حیزبە سیاسی‌و ڕێکخراوانە دابیندەکات تا بتوانن پێکەوە کێبڕکێ بکەن لەگەڵ یەکتردا لەسەر بناغەی مامەڵەی یەکسان لەبەردەم یاسادا".

ئەمەش ئەوە دەخوازێت کەسیستمی یاسایی زەمینەی یەکسان دەستەبەربکات بۆ هەموو ئەو حیزبە سیاسی‌و پاڵێوراوانەی کەبەشداری دەکەن لەپرۆسەکانی هەڵبژاردنەکاندا.

## ٢. دانانی پاڵێوراوەکانو حیزبە سیاسییەکان لەلیستی دەنگداندا

یەکێك لەو مەسەلانەی ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە گرفتو پێویستە پشکنەر بەوریاییەوە پێیدابچێتەوە ئەو پرۆسەیەیە کە لەرێیەوە پاڵێوراو یان حیزبەکان دەخرێنە لیستی دەنگدانەوە. پێویستە پشکنەر بەو یاسایانەدا بچێتەوە کەپێکهێنانو تۆمارکردنی حیزبە سیاسییەکان رێکدەخەن بۆئەوەی بڕیاربدەن لەسەر ئەوەی ئاخۆ هیچ پێویستیو هۆیەکی گونجاو هەیە بۆ پێکهێنانی حیزبێکی سیاسی یان نا.

هەرچەندە رەنگە سیستمی یاسایی لەمپەڕ نەخاتە بەردەم چالاکیە گشتیەکانی حیزبە سیاسییەکان یان پاڵێوراوە سەربەخۆکان، بەڵام رەنگە رێگری بخاتە بەردەم پاڵێوراوێکی حیزبێکی سیاسی یان سەربەخۆ بۆ خۆپالاوتن بۆ هەڵبژاردنێکی تایبەت. پێویستە سیستمی یاسایی بەڕونی هەموو وردەکارییەکان لەسەر ئەم مەسەلەیە تۆماربکات بۆ هەڵبژاردنێکی تایبەت. ئەمەش ئەم شتانە دەگرێتەوە:

بەرواری دەستپێکردنو داخستنی تۆمارکردن، لەچ ماوەیەکی زەمەنیداو چۆن ئیمزا کۆبکرێتەوە ئەو کاتەی کەتۆمارکردن لەسەر بناغەی ئیمزا بێتو پرۆسەی لێکۆڵینەوەی تۆمارکردن. لەو حاڵەتانەدا کەسیستمی یاسایی رێدەدات بەکۆکردنەوەی ئیمزاکان، پێویستە ماوەیەکی زەمەنی گونجاو دابنێت بۆ کۆکردنەوەی ئیمزاکان. پێویستە سیستمی یاسایی رەچاوی وێکچوون بکات لەپرۆسەی تۆمارکردنەکەدا تاوەکو هەمان پرۆسە بەسەر هەموو پاڵێوراوەکانو ئاستەکاندا جێبەجێ بێت.

بەشێوەیەکی ئاسایی دەستڕاگەیشتن بەهەڵبژاردنێکی تایبەت ئەو کاتە فەراهەم دەبێت کەحیزبێکی سیاسی، هاوپەیمانیەك، بەرەیەك یان پاڵێوراوێکی سەربەخۆ ئەم داواکاریانەی خوارەوە جێبەجێ بکات:

١- دانی بڕێك پارە وەك بارمتە، کەدەگێڕدرێتەوە بۆ خاوەنەکەی گەر ژمارەیەك یان رێژەیەك دەنگی دیاریکراو بەدەستبهێنێت،

٢- کۆکردنەوەی کەمترین رادەی دیاری کراوی ژمارەی ئیمزای دەنگدەرە تۆمارکراوەکان،

٣- خستنەڕووی متمانە پێدانێك یاخود بەدەستهێنانی کەمترین ڕێژەی دەنگەکان لەهەڵبژاردنی پێشودا.

جگە لەو ڕێوشوێنانەی لەبەردەستدان بۆ تۆمارکردن، نابێت تۆمارکردن ببەسترێتەوە بەداواکاریی تر کەپەیوەندی نیە بەمەسەلەی ئەوەی ئاخۆ پاڵێوراوێکی حیزبێکی سیاسی یان سەربەخۆ پشتگیری تەواوی هەیە بۆئەوەی بخرێتە لیستی هەڵبژاردنەوە. پێویستە پشکنەر بەوریاییەوە بەو داواکاریانەدا بچێتەوە کەپەیوەندی بەتۆمارکردنەوە هەیە. پێویستە ئەرزیەتی ڕەتکردنەوەی فۆرمی تۆمارکردن پشت ئەستور بێت بەپێودانگی بابەتی و بەڕونیش بەیان بکرێت لەسیستمی یاساییدا.

ئەو پارەیەی وەك بارمتە دەدرێت پێویستە ئەوەندە ببێت کەپاڵێوراوە ناجدییەکانی حیزبە سیاسییەکان یان سەربەخۆکان سارد بکاتەوە، بەڵام نابێت ئەوەندە زۆر بێت کەڕێگربێت لەپاڵێوراوە ڕەواکانی حیزبە سیاسییەکان یان سەربەخۆکان لەوەی دەستیانڕابگات بەدەنگدانی نهێنی. لەمەش زیاتر، پێویستە ئەو پارەیەی وەك بارمتە وایە بگێڕدرێتەوە لەگەڵ بەدەستهێنانی ژمارەیەك یان ڕێژەیەکی دیاریکراو لەدەنگ. ئەو ژمارەیە کەدەستنیشان دەکرێت بۆ ئەوەی پارەی بارمتەکە بگێڕدرێتەوە پێویستە ژمارەیەکی گونجاو بێت.

پێویستە بایەخێکی تایبەت بدرێت بەشێوازی سەلماندنی ڕاستیی ئیمزاکان. پێویستە ئیمزایەکی نادروست هەر بەئیمزای نایاسایی لەقەڵەم بدرێت – واتە لەئیمزایەکی نادروست زیاتری پێنەبەخشرێت. نابێت ئیمزایەکی نادروست ئیمزاکانی تریش یان لیستی ئیمزاکە پوچەڵ بکاتەوە. لەمەش زیاتر، لەجیاتی ئەوەی داوابکرێت ڕێژەیەکی سەدیی نەگۆڕ پێشەکەش بکرێت (بۆ نمونە ٩٩٪)، پێویستە پاڵێوراو ژمارەیەکی نەگۆڕ ئیمزا پێشکەش بکات (بۆ نمونە ١٠٠٠ ئیمزا)و پێویستە ڕێگەی بدرێت کەژمارەیەکی زیادیش ئیمزا هەبێت لەحاڵەتی ئەوەی بڕیار درا هەندێك لەئیمزاکان نادروستن. ئەم نمونەیەی خوارەوە، کەلە

یاســـــایەکی راســــــتەقینەی هەڵبژاردنـــــەوە وەرگیراوە، رونی دەکاتەوە بۆچی کاتێك ئیمزا کۆدەکرێتـەوە، پێویسـتە تۆمـارکردن لەسـەر بناغەی ژمارەیەکی نەگۆڕ ئیمزای دروستبێت بەبێ گوێدانە ژمارە یان رێژەی سەدیی ئیمزا نادروستەکان کەرەنگـە هـەبن لەسـەر لیسـتی تۆمارکردنەکە.

وای دابنێ کەپالێوراوێك بۆ پەرلـەمان بـەلای کەمـەوە پێویسـتی بـە١٠٠٠ ئیمـزای یاسـایی هەیــە بــۆ جێبــەجێکردنی داواکارییــەکانی کاندیدکردن (خۆپاڵاوتن).

پــاڵێوراوی (ب) جــەماوەری زۆری هەیــەو ٢٥٠٠ئیمزای پشتگیریی بەدەست دێنێت. لـەو ٢٥٠٠ ئیمزایــە ٢١٣٠ ئیمــزا یاسـاییەو ٣٧٠ یــــان نایاســــاییە.بــەگوێرەی رێوشـــوێنی لێکۆڵینـەوەی ئـەو وڵاتـە ٨٧٥ ئیمـزا چـێك دەکـــرێن و لەوانــــە ٦٩٩ یاســــایین و ١٧٦ نایاسـایی. لێـرەدا هەرچـەندە یاسـا دەڵێـت کەلێکۆڵینـەوەی زیـاتری ئیمزاکـان لەلیسـتی ئیمزاکانـدا کۆتـایی پـێ دێت وئەنجام نادرێت چــونکە ژمــارەی ئــەو ئیمــزا نایاســاییانەی لەکاتی لێکۆڵینەوەکەدا بینـراوە زیـاتر لـە١٥٪ پێکــدێنێت لـــەژمارەی ئـــەو ئیمزایانـــــەی لێکۆڵینەوەی تێدا کراوە لەلیستی ئیمزاکاندا.

ئـەنجامی کۆتـایش ئەوەیـە ئـەو پـالێوراوەی ٢١٣٠ ئیمـــزای یاســـایی بەدەســـتهێناوە، لەکاتێکدا کە١٠٠٠ ئیمزا پێویست بووە، خۆ پـالاوتنی لێ قەدەغـە دەکرێـت. ئـەم نمونەیـە خرایە بەردەست بۆ ئەوەی پیشانیبدات بۆچی زۆر گرنگــــە چــــاودێر بــــەوردی بەبەنــــدە یاسـاییەکاندا بچـێتەوە، ئەوانـەی پەیوەسـتن بەکۆکردنەوەی ئیمزاو لێکۆڵینەوە.

رێوشـوێنی چـێککردنی ئیمزاکـان دەتوانێـت بــوارێکی فــراوان بــۆ فرتوفێــڵ بخولقێنێــت. دەکرێـت لیسـتێك کـە لەلایـەن پارتێکـەوە یـان پالێوراوێکـــــەوە پێشـــــکەش کرابێـــــت بـــــۆ لێکۆڵینەوە زۆر بەدرێژیی پشکنرابێت کەچی لیسـتێکی دیکـە رەزامەنـدی لەسـەردەدرێت بــەبێ هــیچ چــێککردنێك. دەبێــت یاســای هەڵبــژاردن دیــاری بکــات چــۆن ئیمزاکــان لێکۆڵینەوەی بۆ دەکرێت و رونیبکاتەوە کەئەم پرۆسەیە بەسەر هەموو لیستەکاندا جێبەجێ دەکرێـت. هــەروەك گرنگیشــە دەبێـت یاسـا رادەی ئـــەو وردەکارییــــەش دیاریبکــــات کەبەکاردەهێنرێت لەلێکۆڵینەوەی ئیمزاکاندا. دەکرێــت لیســتی ئیمزاکــان بپشــکنرێت بــۆ

هەڵەکان لەسەر ڕووی بەڵگەنامەکە (هەمان دەنگدەر دووجار ئیمزایکردوە یان دەنگدەرێك ناونیشانی خۆی لەکاتی پێویستدا نادات).

دەبێت یاسا زۆر ئاشکرابێت سەبارەت بەجۆری پرۆسەی لێکۆڵینەوەکەی بەکاردەهێنرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کەهەموو لیستەکان کەوتونەتە بەرپشکنینی یەکسان و بەگوێرەی پێوەرێکی بابەتی ڕوون وئاشکرا.

دەبێت پشکنەر پرسیاری ئەوە بکات ئایا یاسا پرۆتۆکۆڵێك (رێککەوتننامە) دابیندەکات بۆ چێککردنی ئیمزاکان کە لەگۆشەنیگای کۆنترۆڵی چۆنێتی (السيطرة النوعيه) ئامارەوە قابیلی بەرگریلێکردنە. دەبێت ئەو پرۆتۆکۆڵانە بەلانیکەمەوە دەستنیشانی ئەمانەی خوارەوە بکات :

– قەبارەی ئەو نمونەیەی کەدەبێت وێنەی بکێشرێت وچێك بکرێت.

– شێوازی وێنە کێشانی نموونەکە (دەبێت ئەمە لەرێگەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ ژمارە هەرەمەکیەکانەوە بکرێت).

– ئەو تاقیکردنەوانەی جێبەجێ دەکرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی ئایا ئیمزایەك لەئیمزاکان یاساییە یان نا.

– داڕشتەیەك بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئیمزاکانی سەر نموونەکە کەدەبێت یاسایی بن بۆ ئەوەی تۆمارکردنەکە پەسەند بکرێتەوە.

پێویستە ئەو بەندە یاساییانەی کەپەیوەستن بەناوچە جوگرافیەکانەوە، ئەوانەی ئیمزاکانی تێدا وەرگیراوە، بەوردی سەیر بکرێنەوە. دەکرێت یاسایەکی هەڵبژاردن داوا بکات پارتێك ژمارەیەکی دیاریکراو ئیمزا بەدەست بهێنێت لەهەموو ناوچەکانی ئەو وڵاتەدا.

ئەو جۆرە یاسایە جیاوازیی دەکات دژی ئەو پارتانەی پشتگیری جەماوەریی زۆریان هەیەو بەڵام پشتگیرییەکەیان لەناوچەیەکی تایبەتیدا سنوردارە. هەروەها ئەو جۆرە یاسایە دەتوانێت جیاوازی بکات دژی پارتە بچووکەکان وکەمایەتییەکان. ئەو داوایەی کەگوایا دەنگدەر بۆی هەیە ئیمزای پشتگیری بکات بۆ یەك پالێوراو یان یەك پارت مایەی گرفت دەبێت. لەو جۆرە بارودۆخەدا ئەو پالێوراوەی بەپاکی ژمارەی پێویستی

لەئیمزاکان بەدەستهێناوە لەپاڵێوراویی دەخرێت بەهۆی هەڵەیەکەوە کەخودی خۆی ئەنجامی نەداوە، چونکە دەنگدەرەکان زیاتر لەیەك داواکارییان ئیمزا کردووە. لەبارودۆخی خراپتردا دەکرێت دەنگدەران بەئەنقەست زیاتر لەیەك داواکاریی ئیمزا بکەن بۆ ئەوەی پاڵێوراوێك لەپاڵێوراویی بخەن.

دەبێت دوا وادە بۆ دەسەڵاتی تۆمارکردن کەداواکارییەکانی تۆمارکردن رەتبکەنەوە یان رەزامەندیی لەسەربدەن، دەستنیشان بکرێت.دەبێت بنەماکانی رەتکردنەوە بەروونی بنووسرێت لەیاسادا لەسەرپێوەری بابەتی.

دەبێت یاسا هەڵبستێت بەراستکردنەوەی کەمووکوورییە بچوکەکان لەماوەیەکی کاتی گونجاودا دوای رەتکردنەوەکە. دەبێت یاسا بواری تێهەڵچونەوە بخولقێنێت لەبەردەم دادگای یاسایی‌دا دوای رەتکردنەوەی کۆتایی تۆمارکردنەکە. دەبێت یاسا بەروونی دەستنیشانی پرۆسەی تێهەڵچوونەوە بکات‌وداوای دادگاییەکی بەپەلە بکات کەبڕیار بدات ماوە بدرێت بەپاڵێوراوێك یان پارتێك بخرێتە ناو دەنگدانەکەوە کاتێك کە بەشێوەیەکی نابەجیٚ تۆمارنەکرا دوای رەزامەندی نیشاندان لەسەر تۆمارکردنەکە, نابێت ئەگەری تۆمارکردن یان دووبارەکردنەوەی ببێتە مەسەلەیەك (گرفتێك). بۆ خۆلادان لەقسەو باس‌و کاری نادروست کەرەنگە یاوەری تۆمارکردنەوە بێت، دەبێت ئەگەری پووچەڵکردنەوەی تۆمارکردنی پارتێکی سیاسی یان پاڵێوراوێك زۆر بەرتەسك بێت‌وە پیاچوونەوەی تۆمارکردن بەهەند وەربگیرێت تەنها لەکاتی پێشێلکردنی زۆر جیدی یاساداو تەبابێت لەگەڵ ئەو رێوشوێنانەی بەروونی پێناسەکراون.

دەبێت چاودێر هەموو ئەو بەندە یاساییانەی تۆمارکردن رێکدەخات هەڵبسەنگێنێت, لەوانەش بڕی بارمتەی دارایی یان ژمارەی ئیمزا داواکراوەکان لەچوارچێوەی باری ئەو وڵاتەدا, بەواتای بەهەندوەرگرتنی راستیگەلی ئابووریی‌و دیموگرافی ئەو وڵاتە.

### ٣- هەڵوێستی (رەفتاری) پارتە سیاسییەکان و پاڵێوراوان لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا

پێویستە سیستمی یاسایی داوا بکات بەشێوەیەکی ئاشکرا کەهەڵسوکەوت چییەو، چی قەدەغەیە لەپارتە سیاسییەکان و پاڵێوراوان لەکاتی ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا. رەنگە ئەو بەندانەی رەفتاری پارتە سیاسییەکان و پاڵێوراوان رێکدەخات لەناو یاسای تاواندا یان هەر لەخودی یاسای هەڵبژاردندا. دەبێت ئەم بەندانە بەشێوەیەکی پتر لەڕادە توندوتیژبن و دەبێت بواری هەڵسوڕاندنی هەڵمەتی ئاشکراو چالاک بدەن دوور لەدەستێوەردانی حکومەت. نموونە لەسەر ئەم رێسا نمونەییانەی رەفتاری پارتەکان و پاڵێوراوان لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا خراوەتە بەشی (رێسا نموونەییەکان) لە(پاشکۆ)کەدا.

### ٤- کێشەی تایبەت بەکۆتاییپێهێنانی پێشوەختی دەسەڵاتی پاڵێوراو

ئەو گرفتە تایبەتیەی کەپێویستە پشکنەر ئاگاداریبێت ئەوەیە کەکاتێك سیستمێکی یاسایی رێگەبە کۆتاییهێنانی پێشوەختی دەسەڵاتی پاڵێوراوێك دەدات بەهۆی گۆڕین لەپەیوەندی بەپارتێکی سیاسییەوە.

پاڵێوراوێکی هەڵبژێرراو دەبێت لێپرسراو بێت لەبەردەم جەماوەری دەنگدەراندا. ئەم لێپرسراویەتیە لەوانەیە پەکبخرێت ئەگەر سیستمی یاسایی داوا بکات لەپاڵێوراوێك, کەپەیوەندی بەپارتە سیاسییەکەی گۆڕیوە، کەپێشوەخت دەست لەدەسەڵاتەکەی خۆی هەڵبگرێت. ئەو جۆرە مەرجە یاساییانەش لەوانەیە بەرخراپ بەکارهێنان بکەوێت لەلایەن سەرکردەی پارتە سیاسییەکانەوە.

## لیستی پیاچوونەوەی پشکنەر بۆ پارتە سیاسیەکان و پاڵێوراوان

- ئایا گشت پارتە سیاسیەکانو پاڵێوراوان مامەڵەی یەکسانیان لەبەردەم یاسادا بۆ مسۆگەرکراوە ؟
- ئایا پاڵێوراوان وەك پارتێکی سیاسی یاخود پاڵێوراوێکی سەربەخۆ مافی داواکردنی پلەو پایەیان بۆ دابینکراوە ؟
- ئایا سیستمی یاسایی بواری یەکسان بۆ چالاکی هەموو پارتە سیاسیەکانوپاڵێوراوان دابین دەکات؟
- ئایا مەرجەکانی دانانی پاڵێوراو لەدەنگدانی نهێنیدا لەسەر بناغەی پێوەری پەیوەستوبابەتی وپەسەند دانراوەو لەیاساکەشدا بەئاشکرا نووسراوە؟
- ئایا رێوشوێنی تۆمارکردنی پاڵێوراو دروستە وە بەشێوەیەکی بابەتیو روون لەیاسادا دیاری کراوە؟
- ئایا سیستمی یاسایی پیاچوونەوەی قەزائی بریارەکان لەمەر تۆمارکردنی پاڵێوراو مسۆگەر دەکات؟
- ئایا یاسا رەفتاری پارتە سیاسیەکانوپاڵێوراوان رێکدەخات لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا؟ وەئایا سازکردنی ئەو هەڵمەتانە بەشێوەیەکی ئاشکراو چاكو دوور لەدەستێوەردانی حکومەت دەخاتە ئەستۆی خۆی؟
- ئایا سیستمی یاسایی دەسەلاتی پاڵێوراوی هەڵبژێردراو دەپارێزرێت لەکۆتاییهێنانی پێشوەخت بەهۆی گۆرینی پەیوەندیی بەپارتێکی سیاسیەوە ؟

## نۆهەم : یەکسانی مامەڵەکردنو سوود وەرگرتن لەمیدیاکان

**ئامانج : دەبێت سیستمی یاسایی ئەوە زامنبکات کەهەموو پارتە سیاسییەکانو پاڵێوراوان دەرفەتی چوونە ناو میدیاکانیان بۆ برەخسێتومامەڵەی یەکسان لەو میدیایانەی سەربەدەوڵەتە بۆ دابین بکرێت. هەروەها زامنی ئەوە بکات کەهیچ قەدەغە کردنێکی نادروست نەسەپێنرێت لەسەر مافی ئەو پارتە سیاسیو پاڵێوراوانە لەئازادیی رادەربرین لەکاتی ئەنجامدانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا.**

### A- مامەڵەی یەکسان لەئازادی بەکارهێناندا.

**دەبێت توانای بەکارهێنانو مامەڵەی یەکسانی ئەو میدیایانەی سەربەدەوڵەتە بدرێت بەپارتە سیاسیو پاڵێوراوەکان بۆ ئەوەی دەنگدەرەکان ئاگاداربکرێن بەبەرنامە سیاسییەکانو بۆچوونەکانو ئامانجەکان**

بەشێوازێکی عادیلانەو بێلایەنانە. ئەمەش هەموو شێوەکانی راگەیاندن دەگرێتەوە لەرادیۆو تەلەفزیۆنو رۆژنامەو شێوە پێشکەوتووەکانی راگەیاندن وەك ئینتەرنێت.

برگەکانی ٧-٦ و ٧-٨ لەبەڵگەنامەی کۆبنهاگن تیشك دەخاتە سەر ئەم بابەتانە. برگەی ٧-٦ داوا دەکات کەحکومەت "گەرەنتی یاسایی پێویست دابینبکات بۆ پارتو رێکخراوە سیاسییەکان بۆ ئەوەی بتوانن لەناو یەکتردا پێشبرکێبکەن لەسەر بناغەی یەکسانی لەبەردەم یاساداو لەمامەڵەکردنی دەوڵەت لەگەڵیاندا. برگەی ٧-٨ داوادەکات کەحکومەت مسۆگەری بکات کە"هیچ کۆسپێکی یاساییو ئیداری لەبەردەم توانای بەکارهێنانی میدیاکاندا نەبێت لەسەر بنەمای جیاوازیی نەکردن لەگەڵ هەموو کۆمەڵانی سیاسیو تاکەکاندا کەدەیانەوێت بەشداریی لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا بکەن".

پێویستە سیستەمی یاسایی وڵات ئەم گەرەنتیانە لەخۆبگرێت لەگەڵ پرۆسەیەکی روونوئاشکرا بۆ جێبەجێکردنی ئەم گەرەنتیانە لەپێشو لەدوای هەڵبژاردنەکان. دەبێت پرۆسەی دارشتن یا بەرنامەی بواردانو مامەڵەی یەکسان لەدەستگەیشتن بەهۆکانی راگەیاندن لەهەڵبژاردنی دیاریکراودا بەجۆرێك بێ خەڵك لێی تێبگاتو لەوانەبێ بەکردەوە جێبەجێ بکرێت کەبتوانێت ئەم پێوەرە مسۆگەر بکات ئەوەیە بەندی یاسایی داوابکرێت بۆ پارتە سیاسییەکان بۆ مافی بەکارهێنانی رادیۆی گشتیو تەلەفزیۆن بەشێوەیەکی چەسپاو نەك تەنیا لەکاتی ماوەکانی هەڵبژاردندا سیستمێکی یاسایی، کە داوا دەکات هەموو پارتە سیاسییەکان چەند دەقیقەیەکی چەسپاو لەپەخشکردن بەشێوەیەکی مانگانە یان بۆ گەرەنتی بکرێت، ئەو سیستەمە دەتوانێت ئەم پراکتیزەیە مسۆگەر بکات. بەشێوەیەکی نموونەیی، لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، پارتە سیاسییەکانو پاڵێوراوان کاتی ئازادیان بۆ تەرخان دەکرێت بۆ ئەوەی بتوانن زانیاری دەربارەی خۆ پاڵاوتنەکەیان بڵاوبکەنەوە.

دەبێت کاتی ئازاد بۆ پەخشکردنو پانتایی ئازاد لەرۆژنامەدا لەماوەکانی هەڵبژاردندا تەرخان بکرێت بەگوێرەی هاوکێشەیەکی

چەسپاو کەبتوانرێت بەشێوەیەکی بابەتیانە جێبەجێبکرێت. جێبەجێکردنی بابەتیانە مسۆگەر دەکرێت ئەگەر بێتو یاسا ئەو رێژە سەدییە دیاریبکات کەدەبێت دابەشبکرێت بەسەر پارتە سیاسیو پاڵێوراوەکاندا بەشێوەیەکی یەکسان بێ گوێدان بەهێزی پەرلەمانیان. هەروەها بەباش دەزانرێت کەبڕی کاتی پەخشکردنەکە بەیەکسانی دابەشبکرێت بۆئەوەی گشت پارتە سیاسیو پاڵێوراوەکان توانای پێشبرکییان هەبێت بەشێوەیەکی کاریگەر لەهەڵبژاردنەکاندا.

هەروەها لەبواری پروپاگەندەی سیاسی کڕراودا دەبێت دەستپێڕاگەیاندنومامەڵەی یەکسان مسۆگەربکرێت.

نایەکسانی دەخوڵقێت لەو جۆرە پروپاگەندەیەدا ئەگەر سیستمی یاسایی توانای نەبێت ئەوە مسۆگەر بکات کەهەمان نرخی بازرگانی بدرێت بۆ ئەو جۆرە پروپاگندانە سەبارەت بەپارتە سیاسیو پاڵێوراوەکانو هەروەها کاتوشوێنی پروپاگەندە کەبەگوێرەی چەند مەرجێکی هاوشێوە. لەبری ئەوەش, ئەگەر ناتەبا نەبێت لەگەڵ یاسای تردا, سیستمی یاسایی بۆی هەیە هەموو جۆرە پروپاگندەیەکی کڕراو قەدەغە بکات. ئەگەر رێگە بەپروپاگندەی سیاسی کڕراو بدرێت ئەوا دەبێت بەهەمان نرخی بازرگانی بێت بۆ ئەو جۆرە پروپاگندەیەوە بەهەمان مەرجیش سەبارەت بەهەموو پارتە سیاسی پاڵێوراوەکانەوە بۆ مسۆگەر کردنی دەستپێڕاگەیاندنومامەڵەی یەکسان. لەوەش زیاتر دەبێت پروپاگندەی سیاسی کڕراو وەك خۆی دیاریبکرێتوەنابێتوەك هەواڵ ودەنگوباس بگۆردرێت یاخود وەك سەردێرومانشێت دابرێژرێت.

دەکرێت مامەڵەی یەکسانو دەستپێڕاگەیاندنی میدیاکان، لەیاسای وڵاتداو دەربارەی میدیا, رێکبخرێت. زیاتر لەوەش دەکرێت یاسا تەنیا رونکردنەوەی گشتی بدات لەمەڕ مامەڵەی یەکسانو دەستپێڕاگەیشتنو لەوانەش دەسەڵات بدات بۆ بڵاوکردنەوەی وردەکاریی جێبەجێکردنەکە بەهەیئەیەکی ئیداری وەك کۆمسیۆنێکی ئیعلامی پسپۆر. بەبێ گوێدان بەوەی ئایا ئەو رێکخستنە بەگوێرەی یاسایە یان بریارێکی ئیداریی، چاودێریکردنی میدیا

کارێکی پەسەندە بۆ مسۆگەرکردنی ملکەچبوون بەپەیرەویکردن.

نابێت یاساو جێبەجێکردنەکەی سوودی ناپێویستو ناڕەوا بەهیچ پارتێکی سیاسی یان پاڵێوراو ببەخشێت. پێودانگی مامەڵەی یەکسان دەستپێڕاگەیشتنی میدیا هەڵدەوەشێتەوە ئەگەر دەوڵەت کۆنترۆڵی میدیای کرد یان کڕیو توانی پشتگیریی حزبێکی سیاسی یان پاڵێوراوێك بکات لەهەواڵەکاندا، یان دەنگوباسە سیاسییەکاندا یان لەکۆڕو سەردێرو بابەتی سەرەکیدا. هەواڵو دەنگوباسی لایەنگیری یان مامەڵەی دوور لەبێلایەنی لەمیدیاکانی دەوڵەتدا دەبێت قەدەغە بکرێتو دەبێت داوا لەدەسەڵات بکرێت لێکۆڵینەوەی بەپەلە لەهەموو جۆرە پێشێلکارییەك بکات.

**B- بەربەستەکانی بەردەم ئازادیی رادەربڕین لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا**

هەڵبژاردنی دیموکراسی ئەنجام نادرێت کاتێك سیستمی یاسایی وتارو رادەربڕینی هەڵمەتەکە قەدەغە بکات. زۆرجار سیستمی یاسایی لەوڵاتێکدا کەگۆرانی دیموکراسی تێدا روو ئەدات، چاودێریی دەخاتە سەر وتارو لێدوانەکانی هەڵمەتەکە لەرێگەی سەپاندنی سزا بەسەر ئەو وتارانەدا کەکەسێکی دیکە بشکێنێت یان سووکایەتی پێبکات کەلەوانەیە حکومەت یان لێپرسراوێکی حکومی یان پاڵێوراوێك بگرێتەوە لەو هەڵمەتی هەڵبژاردنەدا. ئەو جۆرە بەندە یاساییانە بەزۆریی لەرێسای هەڵبژاردندا یان یاسای میدیاکاندا (راگەیاندنی گشتی) دەبینرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت پشکنەر هوشیار بێت لەتێوردبونەوەی سیستمی یاسایی چونکە ئەو جۆرە بەندانە لەیاسا گشتیە دەستوریو مەدەنیو تاوانوئیداریشدا دەبینرێن.

هەر یاسایەك رێکخەری ناوزڕاندنی کەسایەتی کەسێك یان ناوو ناوبانگی کەسێك بێت دەبێت تێهەڵکێش بکرێت لەگەڵ یاسای‌مەدەنی کەشیاوی جێبەجێکردنە.

بەندێك لەیاسای هەڵبژاردندا کەناوزڕاندن رێکدەخات هیچ پاساوێکی نیەو دەبێت پشکنەریش ئەوە بەیان بکات. هەروەها دەبێت پشکنەر پێشنیاری گۆڕانی هەر بەندێکی

یاسایی بکات بۆ گوێدان بەسەرچاوە یاساییەکەی، کە خۆپالأوتنەکە بەتاڵ دەکاتەوە یان زیندانیکردن یان سزای دارایی دەسەپێنێت بەهۆی ناوزڕاندنی پاڵێوراوێك یان پارتێکی سیاسی.

ئەو جۆرە سنوردارکردنەی ئازادیی رادەربرین یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکات. زیاتر لەوەش ئەو جۆرە بەندانە گەرەنتیەکانی ئازادی رادەربرین پێشێل دەکات کە لەدەستوری ولاّتەکەدا دەبینرێت.

کاتێك پشکنەر پیاچوونەوەی ئەو بەندانە دەکات کەرێگە بەچاودێری خستنە سەر پاڵێوراوو لایەنگران یان چاپەمەنی ومیدیاکان دەدات، دەبێت ئاماژە بەوە بدات کەئەو جۆرە بەندە یاساییانە پێچەوانەی بنەما نێو دەوڵەتیەکانن و، ئەگەر شیاوی جێبەجێکردنیش بێت، هەرچەندە یاسای ناوخۆیی ئەو ولاّتە رێگە بدات بەجێبەجێکردنی لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بنەمایە (پێوەرە) جێبەجێ ناکرێت بەرامبەر بەقەدەغە کردنی ئەو لێدوانی هاندەرو وروژێنەرە کەمەبەست لەهاندانی کەسێکی تره بۆ توندوتیژیی .

روونکردنەوەی ئەم کەمترین پێوەرە لەبڕگەی ٧-٧ ی OSCE. بەڵگەنامەی کۆبنهاگن لەساڵی ١٩٩٠ دا هاتوە کەداوادەکات "یاساو سیاسەتی گشتی هەوڵدەدەن لەپێناو رێگە پێدانی ئەنجامدانی چالاکی سیاسیدا لەکەشوهەوایەکی ئازادو عادیلانەدا کە نەکاری ئیداریو نەتۆقاندنو هەڕەشە رێگە لەپارتەکانو پاڵێوراوەکان ناگرێت لەوەی بەئازادیی بۆچوونو خاسیەتەکانی خۆیان بخەنەڕوو, یاخود رێگە لەدەنگدەران دەگرێت کەئەوانە تاووتوێبکەنو فێری بن".

ئەو بەندە یاساییانەی ڕاو بۆچوونی ئازاد لەهەڵمەتێکی سیاسیدا سنوردار دەکات دەکرێت دیسانەوە پێچەوانەی رێککەوتنامە نێو دەوڵەتیەکان بێت کەخودی ولاّتەکە مۆریکردوە. بۆیە دەبێت هەموو جۆرە قەدەغە کردنێك, لەسەر راوبۆچوونی ئازاد لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا, بەوردی تەماشابکرێت لەلایەن پشکنەرەوە.

**لیستی پێداچوونەوەی پشكنەر بۆ مامەڵەی یەكسان و دەستپێراگەیشتنی هۆكانی راگەیاندن .**

- ئایا سیستمی یاسایی زامنی ئەوە دەكات كەهەموو پارتە سیاسیەكانو پالێوراوان توانای بەكارهێنانی میدیاكانو مامەڵەی یەكسانیان هەبێت لەو میدیایانەی دەوڵەت كۆنترۆڵیدەكات یان هی دەوڵەت خۆیەتی ؟
- ئایا سیستمی یاسایی شێوازێك بۆ دەسپێراگەیشتنومامەڵەی یەكسان دادەرێژێت كەڕوونوادادپەروەرانە بێتەوە بۆ جێبەجێكردنی بابەتی بشێت ؟
- ئایا سیستمی یاسایی ئازادیی ڕادەربڕین لەكاتی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردندا, مسۆگەر دەكات ؟

## دەیەم : دارایی وخەرجیەكانی هەڵمەتەكە

**ئامانج: دەبێت سیستمی یاسایی زامنی ئەوە بكات كەهەموو پارتە سیاسییەكانو پاڵێوراوان لەسەر بنەمای مامەڵەی یەكسان لەبەردەم یاسادا مامەڵە دەكرێن لەرێگەی بەندی یاساییەوە كەدارایی وخەرجیەكانی هەڵمەتەكە رێكدەخات.**

### A- كۆمەككردنی دارایی گشتی

**ئەگەر بێتو سیستمی یاسایی بەئەركی دابینكردنی دارایی گشتی هەڵبستێت, ئەوا دەبێت لەسەر بنەمای یەكسانی لەبەردەمی یاسادا ئەو داراییە بدرێت. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كەسەرجەم پارتە سیاسییەكانو پاڵێوراوان دەبێت بڕی یەكسان وەربگرن لەپارەی هەڵمەتەكە. ئەمە تەنها بەو مانایەیە كەپارتە سیاسییەكانو پاڵێوراوەكان یارمەتی داراییان پێدەدرێت لەسەر بنەمای یەكسانی لەبەردەم یاسادا.**

**كەمترین بنەما كە لەبەشی پێشوودا خراوەتەڕوو (لەبارەی مامەڵەی یەكسانو**

تواناى دەستپێراگەیاندنى میدیاكان) شایەنى جێبەجێكردنە ئەگەر بێت و دارایى گشتى، پێویستە، لەرێگەی سیستمى یاساییەوە دابینبكرێت.

هەر بەندێكى یاسایى دەربارەی دارایى گشتى دابرێژرێت دەبێت لەیاساكەدا روونبكرێتەوە لەسەر بناغەی پێودانگێكى بابەتى بێت ونەكەوێتە بەر ڕاڤە كردنى شەخسى لەلایەن دەسەڵاتدارێتى حكومەتەوە. لەسەرو ئەوەشەوە دەبێت سیستمى یاسایى ئەوە مسۆگەر بكات كەسەرچاوە داراییەكانى دەوڵەت بەفێڕۆ نادرێت لەپێناو مەبەستەكانى هەڵمەتەكەدا وە تەنیا بەو پەڕى پابەندبوون بەبەندە یاساییە جێبەجێنەكراوەكانەوە بەكاردەهێنرێت. دەبێت پشكنەر بەوردى چاو بەسیستمى یاساییدا بخشێنێتەوە بۆ تەئكید كردن لەوەی كەهیچ سوودێك نەبەخشراوە بەخاوەن پلەوپایەكان لەبەكارهێنانى سەرچاوەكانى دەوڵەتدا. دەبێت سیستمى یاسایى بەشێوەیەكى تایبەتى بخوازێت كەگشت سەرچاوە داراییەكانى دەوڵەت، ئەوانەی بۆ مەبەستى هەڵمەتەكانى هەڵبژاردن بەكاردەهێنرێن بۆ هەڵمەتى راگەیاندن وەك ئاڵاى تایبەت، بڵاوكراوە، كرێى شوێنى بەرێوەبردنى پڕوپاگەندە، تەلارەكانى، موڵكداریەكان و سەرچاوەكانى دیكە، لەبەردەستدان بۆ هەموو بەشدارانى هەڵبژاردن لەسەر بناغەی یەكسانى لەمامەڵەدا لەبەردەم یاسا.

### B- كۆمەككردنى دارایى تایبەت

پێویستەهەموو بەربەستێكى دابینكردنى دارایى تایبەت لەمەڕ چالاكییە سیاسییەكان بەوردى تەماشا بكرێت. دەكرێت ئەو بەربەستانە بەپێشێلكردنى مافەكانى ئازادیى ڕادەربڕین وپێكەوەنانى پارت وكۆمەڵ دابنرێت. بۆیە دەبێت پشكنەر بەووردیى ئەو بەندە یاساییانە هەڵبسەنگێنێت كەدابینكردنى دارایى تایبەت رێكدەخات بۆ هەڵمەتە سیاسییەكان. هەروەها دەبێت پشكنەر ئاماژە بدات بەو نەگونجاویی و كەم وكووڕیانەی سیستمێكى یاسایى كەدەڵێت هەڵمەتى هەڵبژاردن دەبێت لەلایەن دەوڵەتەوە دارایى بۆ دابینبكرێت لەهەموو روویەكەوە.

دەبێت پشكنەر بەهۆشیاریەوە بنوارێتە ئەو بەندە یاساییانەی كەهەوڵدەدات دارایییە

تایبەتەکە بەرەو چەند پارتێك یان پاڵێوراوێکی دیاریکراو بچێت.

ئەمە بەزۆری لەو سیستمەوە یاساییانە دا بەدیدەکرێت کەیارمەتیدانی تایبەتی راستەوخۆی پارتە سیاسییەکان و پاڵێوراوەکان قەدەغە دەکات ولەبری ئەوە داوا دەکات کەکۆمەکی تایبەتی بدرێت بەسندوقێکی "گشتی"کەدواتر ئەو کۆمەکە تایبەتانە دەدرێت بەهەموو پارتە سیاسییەکان و پاڵێوراوان بەگوێرەی شێوازێکی دابەشکردنی سەربەحکومەت. ئەو جۆرە بەندە یاساییە بەشێوەیەکی فیعلی داوادەکات کەکۆمەککارێکی تایبەتی پشتگیری "دۆستێك"بکات.

هەرچەندە دەبێت سیستمی یاسایی رێگە بدات بەدابینکردنی دارایی تایبەت بۆ هەڵمەتە سیاسییەکان, لەگەڵ ئەوەشدا قەدەغە نیە کەسنورێکی دروست دابنرێت بۆ بڕی کۆمەکە تایبەتەکان. ئەمەش لەسەر بنەمای جۆری هەڵبژاردنەکەو ئەو فاکتەرانە دەوەستێت کەتایبەتە بەوڵاتێکی دیاریکراو وەك جوگرافیاو دیموگرافی و تێچوونی میدیاکان و مەودای تری هەڵمەتەکە. هەروەها کارێکی شیاوە سنوور بۆ کۆی بڕی خەرجیەکانی پێشبڕکێکەرانی هەڵبژاردنەکە دابنرێت لەهەڵمەتێکی تایبەتدا. هەرچەندە دەبێت سیستمی یاسایی بواری پێشبرکێکەران بدات پارەی تەواو خەرجبکەن بۆ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی پەیامی سیاسی, لەگەڵ ئەوەشدا هیچ پێوەرێکی نزم نیە کەبخوازێت پێشبرکێکەران بواریان بدرێت هەڵبژاردنەکە بکرن.

### C- مەرجەکانی راپۆرتنوسین و بڵاوکردنەوە

سنوردارکردنی یاسایی خەرجیەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن بەبێ راپۆرتنوسین و بڵاوکردنەوە کارێکی بێمانایە. بۆیە دەبێت سیستمی یاسایی داوای راپۆرتنوسینی ناوە ناوە بکات کەپەیوەست بێت بەماوەیەکی کاتی پەسەندەوە, کە لەبارەی هەموو ئەو کۆمەکانەوەیە کەوەرگیراون وئەو خەرجیانەی سەرفکراون لەلایەن هەر پێشبڕکێکەرێکی هەڵبژاردنەکەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت پشکنەر واقیعی بێت سەبارەت بەمەرجەکانی راپۆرتنوسین بۆ هەر دیموکراسیەکی

**ئینتیقالی. زیاتر لەوەش هەر سزایەك لەسەر ناردنو نەناردنی راپۆرتدا یان زانیاری هەڵەی راپۆرت دەبێت بەروونی بەیان بکرێت لەسیستمی یاساییداو دەبێت رێژەییو گونجاوبێت لەگەڵ تاوانەکەدا. بۆ نموونە نابێت پاڵێوراو لەپالأوتن بخرێتو رێگەی سەرکەوتنی لێبگیرێت بەهۆی هەڵەی بچووکی راپۆرتدانەوە.**

**دەبێت سیستمی یاسایی بەووردیی ئەو لایەنە دیارییبکات کەبەرپرسە لەوەرگرتنو پارێزگاریکردنی راپۆرتی کۆمەکی هەڵمەتەکەو خەرجیەکانی. دەبێت سیستمی یاسایی بەڕوونی ئاماژە بدات لەکوێوە کەی ئەو راپۆرتانە لەبەردەستدا دەبن بۆ پشکنینی ئاشکرا. هەروەها دەبێت یاسا رێگە بدات بەوێنەگرتنەوەی راپۆرتەکانی کۆمەكو خەرجیەکانی هەڵمەتەکە بۆ ئەوەی ناوەڕۆکەکانی ئاشکرابێت لای دەنگدەران.**

## لیستی پیاچوونەوەی پشکنەر بۆ داراییو خەرجیەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن.

- ئایا سیستمی یاسایی ئەوە مسۆگەر دەکات کەهەموو پارتە سیاسیەکانو پاڵێوراوان لەسەر بناغەی مامەڵەی یەکسان لەبەردەم یاسادا مامەڵە بکرێن لەرێگای ئەو بەندە یاساییانەی دارایی وخەرجیەکانی هەڵمەتەکە رێکدەخات ؟

- ئەگەر سیستمی یاسایی هەڵبستێت بەئەرکی دابینکردنی دارایی گشتی یاخود بەکارهێنانی سەرچاوە داراییەکانی دەوڵەت بۆ هەڵمەتەکان, ئایا ئەو جۆرە بەکارهێنانە لەسەر بنەمای مامەڵەی یەکسان لەبەردەمی یاسادا بۆ هەموو پارتە سیاسیەکانو پاڵێوراوان ئەنجامدەدات ؟

- ئایا سنوردارکردنەکانی سەر دارایی تایبەتی هەڵمەتەکان بەجیۆروونوشایستەی جێبەجێکردنی بابەتیە ؟

- ئایا سیستمی یاسایی داوای راپۆرتی ناوە ناوە دەکات دەربارەی کۆمەك وخەرجیەکانی هەڵمەتەکە ؟

- ئایا سیستمی یاسایی هەڵدەستێت بەئەرکی دابینکردنی دەستپێراگەیشتنی ئاشکرای راپۆرتەکانی لەمەڕ کۆمەكو خەرجیەکانی هەڵمەتەکە ؟

## یانزەهەم :چاودێرەکان

**ئامانج** : پێویستە سیستمی یاسایی ئاسانکاری بۆ بوونی چاودێران بکات بەناوخۆیی وبیانیشەوەوهەروەها نوێنەرانی میدیاکان و پارتە سیاسییەکان و پاڵێوراوان بۆ زامنکردنی شەفافیەتی گشت پرۆسەکانی هەڵبژاردن .

شەفافیەتی پرۆسەی هەڵبژاردن کەمترین بنەمایە کەپێویستە بۆ مسۆگەرکردنی هەڵبژاردنی دیموکراسی برگەی هەشت لەساڵی ١٩٩٠ی OSCE بەڵگەنامەی کوبنهاگن، دان بەگرنگی بوونی چاودێردا دەنێت لەناوخۆیی وبیانی بۆ مسۆگەرکردنی شەفافیەت لەپرۆسەی هەڵبژاردندا. دەبێت سیستمی یاسایی بوونی چاودێران بخاتە ئەستۆ, لەناوخۆیی وبیانی وە هەروەها نوێنەرانی میدیاکان و پارتە سیاسییەکان و پاڵێوراوان بۆ زامنکردنی شەفافیەت لەگشت پرۆسەکانی هەڵبژاردندا. نابێت سیستمی یاسایی مافی چاودێریکردن سنوردار بکات بۆ نوێنەران و نێردراوەکانی پارتە سیاسییەکان و پاڵێوراوان. میدیاکان و چاودێرانی رێکخراوە ناحکومیەکان رۆڵی گرنگیان هەیە لەپتەوکردنی شەفافیەتی پرۆسەکانی هەڵبژاردن و دەبێت مافی چاودێریکردن و سەرپەرشتیان بدرێتێ. بەلاّم لەهەندێك حاڵەتی تایبەتدا کەخودی پرۆسەی دەنگدانەکە مەترسی گەورە پێکدێنێت بۆ دەنگدەرەکان, رەنگە جۆرە سنوردار کردنێکی تایبەت گونجاو بێت.

تائەو ڕادەیەی کات و سەرچاوە داراییەکان رێگە دەدات, دەبێت پشکنەر بچێتەوە بەو یاسا جێبەجێکراوانەدا کەهەڵدەسێت بەرێکخستنی رێکخراوە ناحکومیەکان و کۆمەڵە جەماوەرییەکان بۆ ئەوەی زامنی بکات کەئەم یاسایانە مەرجی نابەجێ ناهێننەکایەوە بۆ بەدەستهێنانی بارێکی یاسایی پێویست بۆ ئەنجامدانی چاودێریکردنی پرۆسەکانی هەڵبژاردن.

دەبێت سیستمی یاسایی پێوەری روون و بابەتی دەستەبەربکات لەمەڕ مەرجەکانی تۆمارکردن وەك چاودێر. هەروەها دەبێت سیستمی یاسایی روون و ئاشکرابێت

بەرامبەر بەوەی کە چ دەسەلاتێکی حکومی متمانە دەبەخشێت بەچاودێران‌وئەو مەرجانە چین بۆ بەدەستهێنانی باری چ و بەگوێرەی چاودێر بارودۆخێك باری چاودێر پووچەڵ دەبێتەوە.

دەبێت سیستمی یاسایی وردو ئاشکرا بێت سەبارەت بەمافەکانی چاودێران. تەنیا بەندێکی یاسایی گشتی کەبوار بدات چاودێران "چاودێری ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بکەن" بەس نیە. دەبێت یاسا بەندی ئاشکراو ورد دەستەبەربکات کەمافەکانی چاودێران بچەسپێنێت لەپشکنینی بەڵگە نامەکان‌و ئامادەبوونی کۆبوونەوەکان‌و چالاکییە بچووکەکانی هەڵبژاردن لەسەر هەموو ئاستەکان‌و لەهەموو کاتێکدا کەپرۆسەی ژماردنی دەنگەکانیش دەگەرێتەوە، هەروەها وێنەی ڕێککەوتنەکان لەسەر هەموو ئاستەکان‌و لەهەموو کاتێکدا کەپرۆسەی ژماردنی دەنگەکانیش دەگرێتەوە. هەروەها دەبێت یاسا پرۆسەیەکی بەپەلە دامەزرێنێت بۆ چاودێران بۆ بەدەستهێنانی فریاگوزاری چارەسەریی, کاتێك هەیئەتێك یان کۆمسیۆنی هەڵبژاردن مافی چاودێرێك زەوتدەکات, لەوانەش مافی تۆمارکردن وەك هەروەها پێویستە سیستمی یاسایی روون‌و ورد بێت سەبارەت بەوەی کەچاودێری ناوخۆیی نابێت پێیهەڵسێت وەك دەستێوردانی دەنگدانەکەو بەشداریکردنی راستەوخۆی دەنگدانەکە یان پرۆسەکانی ژماردن یان هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی چۆنێتی دەنگدانی دەنگدەرێك یان ئەوەی دەنگیداوە. دەبێت سیستمی یاسایی ئەوە زامن بکات کەتەنیا چاودێرە دڵسۆزەکان ڕێگەیان پێدەدرێت چاودێری چالاکیەکانی هەڵبژاردن بکەن.

دەبێت سیستمی یاسایی هاوسەنگیەك بدۆزێتەوە لەنێوان مافەکانی چاودێران‌و بەرێوەبردنی ڕێکوپێکی پرۆسەکانی هەڵبژاردندا. بەم جۆرە مەرجەکانی تۆمارکردن بۆ چاودێریکردن شوێنەکانی دەنگداندا رەنگە گونجاوبێت. بەهەرحاڵ دەبێت پشکنەر بەوردی بەهەموو ئەو مەرجانەدا بچێتەوە کە لەوانەیە بۆ چاودێران گران بێت‌و ببێتە کۆسپ بۆ چاودێریکردنی یاسایی. ئەمانە بەتایبەتی هەموو ئەو بەندە یاساییانە دەگرێتەوە کەهەولی دەمکوتکردنی

**چاودێرەکان دەدات یان ناهێڵێت راپۆرت بدەن یان زانیاری بلاّوبکەنەوە, ئەو زانیاریانەی لەرێگەی هەوڵەکانی چاودێریکردنەوە بەدەستهاتووە.**

**نموونەی رێسا نموونەییەکان لەمەڕ رەفتاری چاودێران تێکهەڵکێشی بەشی (رێسا نموونەییەکان) کراوە لە(پێڕستە)کەدا.**

### لیستی پیاچوونەوەی پشکنەر بۆ چاودێران

- ئایا سیستمی یاسایی رێگە دەدات بەچاودێرە ناوخۆییو بیانییەکان کەچاودێری هەموو پرۆسەکانی هەڵبژاردن بکەن ؟
- ئایا سیستمی یاسایی رێگە بەنوێنەری میدیاکانو پارتە سیاسیەکانو پاڵێوراوان دەدات چاودێریی هەموو پرۆسەکانی هەڵبژاردن بکەن ؟
- ئایا سیستمی یاسایی پێوەری ڕوونوبابەتی داناوە سەبارەت بەمەرجەکانی تۆمارکردنوەك چاودێر؟
- ئایا سیستمی یاسایی روونە سەبارەت بەوەی چ دەسەلاّتێکی حکومەت متمانە دەبەخشێت بەچاودێران؟
- ئایا سیستمی یاسایی روونە سەبارەت بەمافەکانی چاودێرانوسەبارەت بەوەی چ کاتێك وبەگوێرەی چ بارودۆخێك باری چاودێر دەکرێت هەڵبوەشێتەوە؟
- ئایا سیستمی یاسایی هاوسەنگیەك دەستەبەر دەکات لەنێوان مافەکانی چاودێرانوبەرێوەبردنی رێکوپێکی هەڵبژاردنەکەدا؟
- ئایا هیچ مەرجێکی یاسایی هەیە کەگران بێت بۆ چاودێرانو ببێتە کۆسپ لەبەردەم چاودێریکردنی یاساییدا؟

## دوانزەهەم: ڕێوشوێنەکانی دەنگدان

**ئامانج**: دەبێت سیستمی یاسایی زامنی ئەوە بکات کەنهێنی دەنگدانەکە مسۆگەرەو هەموو دەنگەکان دەژمێدرێن و خشتە دەکرێن (جیادەکرێنەوە) بەیەکسانی و بەعەدالەت و بەشێوەیەکی ڕوون و بێ پێچووپەنا.

### A-نهێنی دەنگدان

نهێنی دەنگدان کەمترین بنەمایە بۆ هەر هەڵبژاردنێکی دیموکراسی. ڕوونکردنەوەی ئەم کەمترین بنەمایە بریتیە لەبڕگەی ٤-٧ لە (OSCE) ساڵی ١٩٩٠ لەبەڵگەنامەی کوبنهاگن کەدەخوازێت دەنگەکان لەڕێگەی دەنگدانی نهێنیەوە بدرێت.

دەبێت پشکنەر بەوردیی بچێتەوە بەبەندەکانی سیستمی یاساییدا، ئەوانەی کۆنترۆلکردن و سەلامەتی دەنگدانەکە دەستنیشاندەکەن هەروەها ئەو بەندانەی دەنگدانەکە ڕێکدەخات لەمەڵبەندی دنگدانەکە. دەبێت سیستمی یاسایی ئەرکی ئاسایشی دەنگدانەکە بخاتە ئەستۆ لەهەمانکاتیشدا زامنی ئەوە بکات هیچ دەنگدانێکی شەخسی بەوشێوەیە نەناسرێتەوە کەدەنگدەرێکی تایبەتی نیشانەیکردووە.

نابێت لەهیچ بارودۆخێکدا، بێجگە لەژماردنی دەنگەکان پاش کۆتایی هاتنی دەنگدانەکە ئەندامێکی لیژنەی بنکەی دەنگدان یان کەسێکی تر ڕێگەی پێبدرێت چاوی بکەوێت بەپەڕەی (کارتی) دەنگدانی نیشانەکراوی دەنگدەرێك. ئاشکرایە کەئەم قەدەغە کردنە ئەو کەسە ناگرێتەوە کەیاسا دەسەلأتی پێداوە یارمەتی دەنگدەرێکی نابینا بدات یان دەنگدەرێك داوای یارمەتی بکات بەهۆی کەموکوڕی جەستەییەوە. بەهەر حاڵ شتێکی پەسەند نیە ئەندامێکی لیژنەی بنکەی دەنگدانێك کارتی دەنگدانی دەنگدەرێك بگرێتە دەست خۆی پێش ئەوەی بخرێتە سندووقی دەنگدانەکەوە.

پرەنسیپی نهێنیبوونی دەنگدان دەخوازێت کەرێساکانی دەنگدان نەك تەنیا مافێکە بۆ دەنگدەر بەڵکو ئەرکێکی سەرەکیە. لەم بوارەدا ئەو کردارە دزێوەی زۆر ڕوودەدات (دەنگدانی

خێزانی) یەکە تائێستا ڕەفتارێکی باوە تاڕادەیەك لەزۆر وڵاتانی OSCE دا.

دەبێت یاساکە ڕونیبکاتەوە کەکارتی دەنگدانی هەموو دەنگدەرێك دەبێت بەنهێنی نیشانە بکرێتو ئەنجامبدرێت. نابێت لێپرسراوانی هەڵبژاردنەکە لەهیچ بارودۆخێکدا قبووڵی لادان بکەن لەپرنسیپی نهێنیبوونی دەنگدانەکە.

### B- ڕێو شوێنەکانی دەنگدان

دەبێت چاودێر بەوریاییەوە بچێتەوە بەسەرجەم ئەو ڕێوشوێنانەدا کەپرۆسەی دەنگدان ڕێکدەخات. دەبێت ڕێوشوێنی دەنگدان زەمانەتی ئەوە بکات کەدەنگدەران بەتەواوی دیاریبکرێنو میکانیزمەکانی دیکەش لەجێگەی خۆیاندان بۆ ڕێگە گرتن لەدەنگدانی فێڵاویی یان دووجاری. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ڕێوشوێنەکانی دەنگدان گران یان ئاڵۆز بێت تا ئەو ڕادەیەی پرۆسەی دەنگدانەکە پەکبخات یان سستی بکات.

دەبێت ئەو ڕێوشوێنانە زەمانەتی ئەوە بکات کەهەموو کارتەکانی دەنگدانو مەوادەکانی پارێزراوبن بەرێکوپێکی لەپێشو لەکاتی دەنگدانەکەو لەدوایشدا دەبێت چاودێر بەوردیی چاوبگێرێت چۆن سیستمی یاسایی ئەرکی شێوازەکانی دیکەی دەنگدان دەخاتە ئەستۆی خۆی وەك دەنگدانی بەریدی یان دەنگدانی گەرۆك. هەردوو جۆرە دەنگدانەکە دەشێت بۆ یەك تاکە کەس لەبەردەستدا بێتوەك ئەو کەسەی لەدەرەوەی وڵاتە بۆ ئیش وکار یاخود بۆ کۆمەڵە کەسێك وەك ئەو کەسانەی ئاوارەو ڕاگوێزراون بەهۆی هەڵگیرساندنی جەنگەوە. سەبارەت بەدەنگدانی گەڕۆك دەکرێت لەبەردەستدابێت بۆ کەسێك کەماڵنشینە بەهۆی بێتوانایی جەستەییەوە یان تەواوی کۆمەڵێك وەك نەخۆشخانەیەك یان دامەزراوەیەك. دەکرێت سیستمی یاسایی چەند بەندێکی تایبەت بەدەنگدان دەستەبەر بکات بۆ ئەندامانی سوپا. دەبێت پشکنەر بەوردیی بەهەموو ئەو بەندانەدا بچێتەوە کەسەر بەشێوازەکانی تری دەنگدانەوە دڵنیابێت لەوەی کەمیکانیزمی گونجاو لەبەردەستدا هەیە بۆ ڕێگەگرتن لەخراپ بەکارهێنانی شێوازەکانی تری دەنگدان. دەبێت پشکنەر بەووردیی چاو بگێڕێت بەسیستمی یاسایی

دا بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی میکانیزمەکان لەشوێنی خۆیاندان بۆ ڕێگە گرتن لەو کەسەی شێوازێکی تری دەنگدان بەکاردێنێت شانبەشانی پرۆسەی دەنگدانی ئاسایی لەهەمان هەڵبژاردندا

پێویستە سیستمی یاسایی بوونی کەسانی دەسەڵات پێنەدراو لەبنکەی دەنگدانەکاندا قەدەغە بکات. بەتایبەتیش سەرکردە تەنفیزیە ناوچەییەکان نابێت ئامادەبن بۆ چارەسەرکردنی "گرفتەکان"، ئەوانەی لەکاتی پرۆسەکانی دەنگداندا دێنە ئاراوە کەواتە زۆر بەکەڵکە ڕاسپاردەبکرێت، ئەگەر پێشتر لەسیستمی یاساییدا بلاۆونەکرابێتەوە، دەربارەی قەدەغەکردنێکی ئاشکرای بوونی هەموو ئەو کەسانەی دەسەڵاتیان پێنەدراوە لەبنکەکانی دەنگداندا.

ئەمەش بەسوود دەبێت ئەگەر یاوەری بەندێکی یاسایی بێت کەئەفسەرانی پۆلیس دەبێت بچنە ئەو بنکەی دەنگدانەوە تەنیا بۆ ئەوەی دەنگ بدەن بەشێوەی ئاسایی یاخود هەڵبستن بەپارێزگاریکردنی نیزام. لەباری دووەمدا دەبێت پۆلیس تەنیا لەسەر بانگهێشتی بەڕێوەبەری کۆمیتەی هەڵبژاردنی بنکەی دەنگدانەکە بچێتە ژوورەوە، یان ئەو کەسەی جێگیریەتیو دەبێت دوای چەسپاندنی هێمنی بچێتە دەرەوەو ئەوێ بەجێبهێڵێت.

## C- دەنگدانی گەڕۆک

شتێکی باوە کەیاسایەکی هەڵبژاردن ئەرکی دەنگدانی گەڕۆک بخاتە ئەستۆ بۆ ئەو کەسانەی کەمتوانا و کەمئەندامن یاخود بەهۆی هۆکاری یاسایی ترەوە توانای هاتنیان بۆ بنکەی دەنگدان نییە. پرەنسیپی گونجاندنی دەنگدەر کەپشتگیری لەچەمکی دەنگدانی گەڕۆک دەکات مایەی ستایشو دەستخۆشیە. هەرچەندە ئەو بەندە یاساییانەی دەنگدانی گەڕۆک بەشێوەیەکی ئەوتۆ نوسراون کەدەکەونە بەر فێڵ وخراپ بەکارهێنانیان. بەڵام ئەگەر لەسیستمی یاساییدا ڕێگە بەدەنگدانی گەڕۆک درابێت ئەوا بێگومان شتێکی گونجاوە چاودێر بەم ڕاسپاردانەی خوارەوە هەڵبستێت بۆ پارێزگاریکردنی پاکی پرۆسەی دەنگدانی گەڕۆک :

- پێویسته ڕێوشوێنێك لەجێگەی شایستەدا هەبێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو دەنگدەرانەی کەلوپەلی گەرۆك بەکاردێنن، لەپێناو ڕێگەگرتن لەدەنگدانی دووجاری.

- دەبێت دەنگدانی گەرۆك تەنیا لەو بارودۆخانەدا بەکاربهێنرێت کەمەحاڵ بێت لەڕووی جەستەییەوە ئەو دەنگدەرە بگاتە بنکەی دەنگدانەکە بۆ ئەوەی دەنگ بدات. دەبێت دەنگدەر ئەم راستیە لای خۆی بچەسپێنێتو داوایەکی نووسراو پێشکەش بکات بەکۆمیتەی بنکەی دەنگدانەکەو رونیبکاتەوە بۆچی لەڕووی جەستەییەوە ناکرێت ئەو دەنگدەرە سەفەر بکات. دەبێت دەنگدەر خۆی ئەو داوایە پێشکەش بکات لیژنەی بنکەی دەنگدانەکەش لێیبکۆڵێتەوە لەماوەیەکی دیاریکراودا کەیاسا دایناوە.

- پێویستە چاودێران بەهەموو جۆرەکانیانەوە یاخود نوێنەرانیان, کەدەبێت ژمارەیان سنوردار بێت لەبەر چەند هۆیەکی پراکتیکی (وەك گواستنەوە بەهەلیکۆپتەر.....هتد)، ڕێگەیان بدرێت لەگەڵ سندوقی دەنگدانە گەرۆکەکەدابن.

- ژمارەی ئەو کارتی دەنگدانانەی بۆمەبەستی دەنگدانی گەرۆك هێنراونەتەدەرەوە وەژمارەی ئەوانەی هێنراونەتەوە دەبێت بەرەسمی تۆمار بکرێت.

- دەبێت ژمارەی ئەو کارتی دەنگدانانەی هێنراونەتە دەرەوە بەگوێرەی ژمارەی ئەو داوایانە بێت کەوەرگیراون لەگەڵ ژمارەیەکی دیاریکراوی زیادە لەکارتی دەنگدان بۆ نەخستنە پشتگوێی ئەو دەنگدەرانەی کە لەوانەیە کارتەکانی خۆیان سەقەت بکەنو بیشێوێنن.

- دەبێت ژمارەی ئەو کەسانەی سندوقە گەرۆکەکە بەکاردێنن تۆمار بکرێت لەبنکەی دەنگدانەکەو لەپرۆتۆکۆلە یەك لەدواییەکاکاندا..بەمەش دەتوانرێت چەند ناوچەیەکی تایبەتی دەستنیشان بکرێت کەتێیدا ڕێژەی ئەو دەنگدانەی لەڕێگەی بەکارهێنانی سندوقی گەڕۆکەوە دراون بەشێوەیەکی نائاسایی بەرزەو لەوانەیە بەڵگەبێت بۆ فێڵکردن.

- دەبێت بەلای کەمەوە دوو ئەندامی لیژنەی بنکەی دەنگدان پرۆسەی دەنگدانی گەرۆك

بەرێوەبەرن دوو قۆڵی، لەسنوری ئەو ناوچە جوگرافیەی بنکەی دەنگدانەکە دەیگرێتەوە.

### D- دەنگدانی سوپا (هێزی چەکدار)

شتێکی ئاسایی و پەسەندە کەسیستمی هەڵبژاردن بەندی یاسایی تایبەتی هەبێت زەمانەتی ئەوە بکات کەئەندامێکی سوپا بتوانێت مافی خۆی لەدەنگداندا پراکتیزە بکات لەکاتێکدا کەئەرکی سەربازی لەسەربێت. هەرچەندە شتێکی گونجاوە کەپارێزگاری مافی دەنگدانی ئەندامی سوپا بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بەندە یاساییەکان بەوردی بنوسرێت چونکە دەنگدانی سوپا دەکرێت بکەوێتە بەر دزێویی و خراپ بەکارهێنان.

سەبارەت بەدەنگدەرانی سوپا ,شتێکی ئاساییە سیستمی یاسایی رێگە بدات بەپێکهێنانی بنکەی دەنگدان لەناو یەکە سەربازییەکاندا کەدەکەونە ئەو شوێنانەی دوورن لەمەڵبەندی دانیشتوانەوە. لەکاتێکدا کەدەستبەرداریی لەو جۆرە بەندە یاساییە لەتوانادا نییە، دەبێت ئاماژەیەکی ئاشکرای لەگەڵدا بێت کەئەوە حاڵەتێکی نائاساییەو ئەگەر لەتواناشدا بێت دەبێت دەنگدەرانی سوپا لەبنکەی دەنگدانە مەدەنیەکاندا دەنگی خۆیان بدەن.

کاتێك مەسەلەکە پەیوەند بێت بەهەڵبژاردنە ناوچەییەکانەوە دەبێت ئەندامێکی سوپا بەشێوەیەکی ئاسایی دەنگی خۆی بدات لەناوجەماوەری دەنگدەراندا لەشوێنی نیشتەجێی هەمیشەیی خۆی.

### E- هاوسەنگیکردن لەدابینکردنی پێویستیەکانی دەنگدەر لەگەڵ خۆ پاراستن لەفرتوفێڵ

دەبێت گونجاندنی دەنگدەر بەووردی هاوسەنگ بکرێت بەرامبەر پێویستی خۆ پاراستن لەفرتوفێڵی دەنگدان. ئەگەر بەندێکی یاسایی بەوردی دانەرێژرێت و ئامادە نەکرێت ئەو بەندە کەپێویستییەکانی گروپێکی تایبەتی دەگونجێنێت و دەستەبەردەکات، لەرێگەی چەند رێوشوێنێکی دەنگدانی نائاساییەوە، لەوانەیە خراپ بەکاربهێنرێت لەلایەن ئەو کەسانەی هەوڵدەدەن لەجارێك زیاتر دەنگ بدەن یان ئەوانەی مەرجی

یاساییان تێدا نیە بۆ ئەو ڕێوشوێنی دەنگدانە نائاساییە. بۆیە دەبێت ئەو جۆرە بەندانە بەوردی هەڵبسەنگێنرێت. دەبێت پشکنەر دڵنیا بێت لەوەی کەسیستمی یاسایی خۆ پاراستنی تەواو دەستەبەر دەکات بۆ ڕێگەگرتن لەخراپ بەکارهێنان و فێڵ کاتێك ڕێگە دەدرێت بەشێوازی ناجێگر بۆ دەنگدان.

**لیستی پیاچوونەوەی پشکنەر بۆ ڕێوشوێنەکانی دەنگدان**

- ئایا سیستمی یاسایی دەنگدان بەشێوەی نهێنی گەرەنتی دەکات ؟ وەئایا قەدەغە کردنی تەواو دەستەبەرکراوە دژی "دەنگدانی خێزانی" ؟
- ئایا سیستمی یاسایی دەخوازێت کەدەنگدەران بەتەواویی دەستنیشان بکرێن بەر لەوەرگرتنی کارتی دەنگدان ؟
- ئایا سیستمی یاسایی بەندی یاسایی تەواوی تێدایە بۆ سەلامەتی هەموو کارتەکان و موادەکانی دەنگدان بەرلەکاتی وە لەدوای دەنگدانەکە ؟
- ئایا سیستمی یاسایی شێوازی جێگری دەستەبەر کردوە بۆ دەنگدان بۆ ئەو کەسەتایبەتیانە یان جۆرێکی تایبەتی لەو کەسانە ؟
- ئایا سیستمی یاسایی ڕێگە لەکەسێك دەگرێت لەبەکارهێنانی شێوازێکی جێگیردا لەدەنگدانەوە پرۆسەی دەنگدانی ئاسایی لەهەمان هەڵبژاردندا ؟

## سیانزەهەم : شەفافیەت
## لەژماردن وجیاکردنەوەی دەنگەکاندا

**ئامانج** : دەبێت سیستمی یاسایی زەمانەتی ئەوە بکات کەهەموو دەنگەکان بەووردی، عادیلانەو بێ پێچوپەنا دەژمێردرێت و جیادەکرێتەوە.

### A- پرەنسیپی گشتی

ژماردنی پاك وعادیلانەی دەنگەکان بەردی بناغەیە لەهەڵبژاردنی دیموکراسیدا. ڕوونکردنەوەی ئەم کەمترین بنەمایە بریتیە لەبڕگەی (٧-٤ ) لە OSCE ساڵی ١٩٩٠ لەبەڵگەنامەی کوبنهاگن کەدەخوازێت "دەنگەکان بەبێ فێڵ بژمێردرێن و بڵاوبکرێنەوەو ئەنجامە ڕەسمیەکان بەجەماوەر ڕابگەیەنرێت." ئەمەش داوای ئەوە دەکات کەدەنگەکان بژمێردرێن وجیابکرێنەوە بەئامادەبوونی چاودێران و تەواوی پرۆسەکە، کەبەهۆیەوە دەستنیشانی سەرکەوتوەکە دەکرێت، بەتەواویی و لەهەموو ڕوویەکەوە

شەفاف بێت. دەبێت سیستمی یاسایی ئەرکی هێنانی چاودێران بخاتە ئەستۆ، ناوخۆیی بێت یان بیانی لەگەڵ نوێنەرانی میدیاکان، پارتە سیاسییەکانو پاڵێوراوان لەکاتی ژماردنو جیاکردنەوەی دەنگەکاندا.

( پێویستە سیستمی یاسایی، یاسای هەڵبژاردنەکە بەروونی بڵاوبکاتەوە، چونکە بەکاردەهێنرێ بۆ ئەوەی دەنگەکان بگۆڕێ بۆشتێکی رەسمی، هەروەها هەموو لایەنەکانی یاسای هەڵبژاردنەکە روون بکاتەوەو پێویستە هەموو ئەگەرەکان بخاتە بەرچاوی خۆی وەك بەرامبەر بوونی دوو کەس لەژمارەی دەنگدا یان مردنی یەکێك لەپاڵێوراوەکان. هەروەها دەبێ دەنگدانی یاساییو نایاسایی دیارییبکاتو نابێت بنەمای یاساییو نایاسایی دەنگەکان زۆر توندبن بەجۆرێك هەندێك دەنگدەر بێبەش بکات لەمافی دەنگدان بەشێوەیەکی ناڕەوا، دەبێت لەسەر بنەمای دڵپاکی دەنگدەر بڕۆین، ئەگەر نیەتی پاك بوو بۆی حیساب دەکرێ، بۆ نموونە ئەگەر دەنگدەرێك لەبری وێنە (خاچ)ێك وێنەی بازنەیەکی کێشا ئەوە دەنگەکەی بەتاڵ نابێتەوە. )

## B- ژماردنی دەنگەکان

بێ گوێدان بەوەی ئایا دەنگەکان لەبنکەی دەنگدانەکە دەژمێررێن یان لەسەنتەرێکی ژماردندا، پێویستە دەنگەکان بەئامادە بوونی چاودێران بژمێررێت. سیستمی یاسایی، لەگەڵ ئەوەشداکە بوونی چاودێران زامن دەکات بۆ ژماردنی دەنگەکان، دەبێت هەروەها پاراستنیش دەستەبەربکات لەکاتێکدا کەتەکنەلۆژیا بەکاردەهێنرێتو دەنگەکانی پێدەژمێررێت نەك بەکارهێنانی دەست. دەبێت بەندی یاسایی لەجێی خۆیدا بێت لەسیستمی یاسایی دا بۆئەوەی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ لەوردییو ساغی ئامێرو بەرنامەو زانیاریەکاندا رووبدات. هەر جۆرە ژماردنێك بەکار بهێنرێت دەستی یان میکانیکی یان ئەلکترۆنی، رێوشوێنی وردبینی بۆ مسۆگەرکردنی وردیی متمانە دەبێت لەشوێنی تەواوی خۆیدا بێت. دەبێت رێوشوێنیش لەشوێنی خۆیدا بێت بۆ پێگەیاندن بەناڕەزایی دەربڕن دژی رێوشوێنەکانی ژماردن، لەوانەشە نارەزایی دەربرن بەرامبەر ئەو پێوەرانەی بەکارهێنراون

بۆ دیاریکردنی شەرعیەتی دەنگەکان دەبێت سیستمی یاسایی بەوردی ئاماژە بدات کەچاودێران بۆیان هەیە وێنەی هەموو پروتوکول جیابکەنەوەو کارتی ژماردنەکان بگرنەوە یان ئەو وێنانەیان بدرێتێ. پێویستە یاسا هەروەها بەوردی دیاری بکات کام دەسەڵاتی حکومی، ئەگەر هەبێت، دەسەڵاتی ئەوەی هەیە ئەم زانیاریانە وەربگرێت بەر لەرەزامەندی نیشاندان لەسەر ئەنجامەکانی دەنگدانەکە لەلایەن ( لیژنەی ناوەندیی هەڵبژاردن )ەوە.

### C- خشتەی ئەنجامەکان

دەبێت سستمی یاسایی بەزمانێکی روون‌و بابەتی دەستەبەری رێوشوێنەکان بکات بۆ گواستنوەی ئەنجامەکانی پرۆتۆکوڵی ژماردن، دەنگەکان مەودای هەڵبژاردن لەلیژنە نزمەکانی هەڵبژاردنەوە بۆ لیژنە ناوەندیی‌و بەرزەکان بەمەبەستی جیاکردنەوەو پارێزگاریکردن. دەبێت یاسا بخوازێت کەجیاکردنەوەی ئەنجامەکان لەناو خشتەدا ئامادەکرابن یان بەشێوەیەکی لەو جۆرە رێگە بدات چاودێران بەدووی ئەنجامەکانی هەریەکە لەشوێنی ژماردن یان بنکەی دەنگدان بکەون بەرەو ژوور بۆ هەموو ئاستەکانی کۆمەڵکە تاوەکو ئەنجامە کۆتاییەکان. دەبێت جیاکردنەوەکان زانیاری دوورو درێژی تێدابێت، لەوانەش ژماردنی کارتەکانی دەنگدان کەبەکارهاتوون‌و بەکارنەهاتوون، ژمارەی کارتە ساختەکان‌و ژمارەی دەنگەکان بۆ هەریەك لەپارتەسیاسییەکان‌و پاڵێوراوەکان. هەروەها دەبێت ئەم زانیاریانە دابەش بکرێت بۆ شێوازی جێگرەوەی دەنگدان وەك دەنگدانی بەریدی گەرۆك. ئەم رادەیە لەدوورودرێژیی پێویستە بۆ ئەوەی چاودێران بتوانن بەدوای ئەنجامەکاندا بچن‌وە بەووردیی شوێنی فێڵکردنەکە بدۆزنەوە کەرووی داوە ئەگەر ژمارەکان بەشێوەیەکی نایاسایی گۆڕابن لەکاتی پرۆسەکانی جیاکرنەوەدا.

جیاکردنەوەی تەواو، لەنێوان دەستەی ئیداری هەڵبژاردن‌و دەسەلاتی دەوڵەتدا گرنگە لەکاتی پرۆسەی رێکخستنی ئەنجامەکاندا.

دەبێت یاسایی هەڵبژاردن تەئکید لەو پرەنسیپە بکاتەوە کەتەنیا ئەندامانی لیژنەی هەڵبژاردن بۆیان هەیە بەشداربن لەپرۆسەی

ڕێکخســـتنی ئەنجامـــەکانی هەڵبژاردنـــدا. هەروەها گرنگە چاودێران دەستیان رابگات بەهـــەموو قۆناغـــەکانی پرۆســـەی ژمـــاردن و ڕێکخستنی ئەنجامەکان بۆ زامن کردنی ئەمە.

**D – راگەیانـدنی ئاشـكرای ژمـاردن و جیاكردنەوەی ئەنجامەكان**

دەبێت سیستمی یاسایی بەروونی بەیانی بکات ئایا دەسەڵاتدارێتی هەڵبژاردنەکە بۆی هەیە بەشێك یان سەرەتایەکی ئەنجامـەکان رابگەیـەنێت لـەپێش رەزامەنـدیی نیشـاندانی کۆتاییـدا ؟ ئەگـەر بتوانێـت ئەنجامـەکان بـەر لەرەزامەندی نیشاندانی کۆتاییدا رابگەیەنێت ئـەوا دەبێـت سیسـتمی یاسـایی بـەروونی پرۆسەی ئەو جۆرە راگەیاندن و ئاشکراکردنە ڕێکبخات.

دەبێــت سیســتمی یاســایی داوابکــات کەســـــەرجەم بەڵگەنامـــــــەکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی جەماوەری و ئاشکرا لەبەردەســتدابن، لەوانــەش، پرۆتۆکۆڵــەکانی هەڵبــژاردن و جیاکردنـــەوەی کارتـــەکانی ڕێکخســتن و ئـەو بریارانــەی دەستنیشــانی ئەنجامـەکانی هەڵبژاردنەکە دەکات یـان کاری تێـدەکات. دەبێـت ئـەو جـۆرە بەڵگەنامانـەی هەڵبــژاردن بەئاشــکرا هەڵبواســرێن لەســەر هــەموو ئاســتەکانی بـەڕێوەبردنی هەڵبـژاردن، لەوانـەش ئاسـتەکانی دەنگـدان و ئاسـتەکانی کومیتــەی هەڵبــژاردنی شــارەوانی و دەوڵــەت.

جیاکردنـــــەوەی دووردوردرێـــژی تـــەواوی ئەنجامـەکان بەئەنجامـەکانی دەنگـدان هەریـەك لەبنکــەی دەنگدانیشــەوە دەبێــت لەلیژنــەی هەڵبـــژاردن هەڵبواســـرێت و بڵاوبکرێتـــەوە. ئــەم جیاکردنەوانــە دەبێــت بڵاوبکرێتــەوە لەچـــاپەمەنیەکانی راگەیاندنـــەکانی ســـەر بەدەوڵــەت هــەر کەئەنجامــەکان رەزامەنــدیی لەسەر نیشاندرا.

فـێڵ بەئاسـانی روودەدات ئەگـەر سیسـتمی یاســـایی نـــەتوانێت داوای بڵاوکردنـــەوەی حسـابی دەنگـەکان و جیاکردنـەوەیان بکـات لەهــــەموو ئاســــتەکاندا کــــەژماردن و جیاکردنــەوەکان روودەدات. ئەگــەری فــێڵ لــەئارادا دەبێــت کاتێــك داوای لیژنەیــەکی ناوەنــدی نــەکرێت بــۆ بڵاوکردنــەوەی جــەماوەریی ژمـــاردن و جیاکردنـــەوەکان. پێویســته پشــکنەر بــەوردیی ئــەو بەنــدە یاســـاییانە هەڵســـەنگێنێت کـــەژماردنی

دەنگـــەکان و جیاکردنـــەوەی ئەنجامـــەکان ڕێکدەخات.

### E - وادەی کاریگەر بۆ ئەنجامە سەلمێنراوەکان (تصدیق کراوەکان)

دەبێـت سیسـتمی یاسـایی بـەڕوونی وادەی ڕەزامەندیی نیشاندانی کۆتایی دیاریبکات بۆ ئەنجامـــەکانی هەڵبـــژاردن و چـــۆنێتی بەڕێوەچـــوونی پرۆســـەی ڕەزامەنـــدیی نیشـاندانی کۆتـایی لەوانـەش ڕاگەیانـدنی جـــەماوەریی و ئاگـــادارکردنی پـــاڵێوراوان سەبارەت بەهەڵبـژاردنیان و ماوەی پلەوپایـەی پـاڵێوراوە هەڵبـژێرراوەکان. زیـاتر لـەوەش پێویستە یاسا ڕوون بێت سەبارەت بەوەی لەچ بارودۆخێکدا ژماردنەوە یاخود هەڵبـژاردنێکی نـوێ پێویسـت دەبێـت لەیـەکێك یـان هـەموو بنکەکانی دەنگداندا. دەبێت یاسا ڕوون بێت ســـەبارەت بـــەوەی کـــێ دەتوانێـــت داوای ژماردنەوە یان هەڵبژاردنی نوێ بکات یان دوا وادەی یەکلاکردنـــەوەی داواکـــەو ئـــەو وادەو ڕێوشـوێنانەی هەڵدەسـتن بەڕێکخسـتنی ئـەو ژماردنەوەیە یان هەڵبژاردنە نوێیەکە.

پێویستە سیستمی یاسایی هەڵبستێت بەمسۆگەرکردنی هەڵگرتنو پارێزگاریکردنی هەموو سندوقەکانی دەنگدانو کەلوپەلو پێویستییەکانی دەنگدان تاوەکو دوا وادەی پێشکەشکردنی ناڕەزایی یاسایی دژی ئەنجامەکانی دەنگدان کەرەزامەندییان لەسەر دراوە تێدەپەڕێت.

**F- ئاوارتەی (استثناء) سەلامەتی شەخسی:**

لە بارودۆخی توندوتیژدا، لەوانەیە بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن سەلامەتی دەنگدەرانو ئەندامانی لیژنەی هەڵبژاردن لەو کۆمەڵگەیەدا بخاتە بەر مەترسی. ئەم ئەگەرە لەئارادایە کاتێك هەڵبژاردنێك سازدەکرێت دوای ململانێیەکی مەدەنیو مانەوەی گرژیی لەئاستێکی بەرزدا. دەبێت پشکنەر بەرامبەر بەم مەسەلەیە وریاو هەستیار بێتو هەست بەوە بکات کەلە بارودۆخی ئاساییدا دەکرێت یاسا ئاوارتەی کەمو سنوردار بدات بەم پرەنسیپانە نەوەکو دەنگدەر بکەوێتە مەترسی زیانی شەخسییەوە.

**لیستی پیاچونەوەی پشکنەر بۆ شەفافیەت لەژماردنو جیاکردنەوەی دەنگەکاندا:**

- ئایا سیستمی یاسایی زەمانەتی ئەوە دەکات تەواوی پرۆسەی ژماردنو جیاکردنەوەی دەنگەکان بەئامادەبوونی چاودێران ئەنجامدەدرێت؟
- ئایا دارشتەی هەڵبژاردن بۆ گۆڕینی دەنگدان بۆ فرمانێکی رەسمی بەروونی دیاریکراوە ؟
- ئایا سیستمی یاسایی لێکۆڵینەوە لەئامێرو زانیاریەکانو بەشەکانی دیکەی پرۆسەی ژماردنو جیاکردنەوە دەخاتە ئەستۆ کاتێك شێوازو رێگەی دیکە بێجگە لەژماردنی دەستی بەکاردەهێنرێت ؟
- ئایا یاسا دەخوازێت هەموو جیاکردنەوەکان لەبەردەستدا بێ بەشێوەیەك کەرێگە بەچاودێران بدات کەسۆراخی ئەنجامەکانی هەریەك لەبنکەکانی دەنگدان بکەن بەناو هەموو ئاستەکانی چالاکیەکان تاوەکو ئەنجامە کۆتاییەکان؟
- ئایا یاسا داخوازێت کەجیاکردنەوەی ئەنجامەکان زانیاری دوورودرێژی تێدابێت دەربارەی ئەنجامەکان بۆ هەموو شێوازەکانی دەنگدان؟
- ئایا یاسا داوای بڵاوکردنەوەو چاپکردنی ئەنجامە دوورودرێژەکان لەمیدیای چاپکراودا دەکات لەئاستی بنکەی دەنگدانەوە بۆ لیژنەی مەرکەزیی هەڵبژاردن؟
- ئایا یاسا بەروونی پرۆسەکانی رەزامەندیی نیشاندانی کۆتایی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنو ئاگادارکردنەوەی پاڵێوراوانو ماوەکانی پلەو پایەی پاڵێوراوە هەڵبژێرراوەکان دیاردیدەکات؟
- ئایا هەموو مەرجو رێوشوێنەکان بۆ ژماردنەوەی دەنگەکان بەروونی بەیانکراوە؟
- ئایا هەموو مەرجەکانو رێوشوێنەکان بۆ هەڵبژاردنێکی تازە بەروونی بەیانکراوە؟

# چواردەهەم: دەستەبەرکردنی مافەکانی هەڵبژاردن و پاراستنی:

**ئامانج:** پێویستە سیستمی یاسایی میکانیزم و چارەسەری کاریگەر لەخۆبگرێت بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی هەڵبژاردن.

دەبێت سیستمی یاسایی میکانیزم و چارەسەری کاریگەر بخاتە بەردەست بۆ پارێزگاریکردنی مافەکان لەهەڵبژاردندا. نوسسینگەی دامەزراوە دیموکراتیەکان و مافی مرۆڤی OSCE ڕێنمایی گشتگیریی چاپکردووە و بڵاوکردۆتەوە سەبارەت بەچۆنیەتی تاووتوێکردنی پرۆسەی چارەسەرکردنی ململانێکانی هەڵبژاردن لەلایەن سیستمی یاساییەوە. ئەم ڕێنماییانە گشتگیرە و دەبێت چاودێر بیانخاتە بەرچاوی خۆی بۆ یارمەتی و سوود لێوەرگرتن لەکاتی پیاچونەوە و هەڵسەنگاندنی ئەوەدا کەچۆن سیستمی یاسایی دەستەبەرکردنی مافەکانی هەڵبژاردن دەخاتە ئەستۆی خۆی. ئاماژە بەم ڕێنماییە بڵاوکراوانە دراوە لەپێڕستەکەدا.

دەبێت پشکنەر بەردەوام ئەوەی لەیادبێت کەپاراستنی مافی دەنگدان پێکهاتەیەکی بنچینەیی سیستمی یاساییە. مافی دەنگدان مافی چارەسەرکردنی پێشێلکردنی مافی دەنگدانەوە هەروەها مافێکی بنچینەیی مرۆڤە. بۆیە پێویستە سیستمی یاسایی هەڵبژاردنەکان بەندی تەواوو دورودرێژ بۆ پاراستنی مافەکانی دەنگدان دابڕێژێت و دیاریبکات.

پێویستە سیستمی یاسایی بەروونی بەیانی بکات کێ بۆی هەیە شکات بکات لای لیژنەو دەستەکانی هەڵبژاردن یان دادگاکان لەبارەی پێشێلکاری لەهەڵبژاردنەکاندا.

دەبێت سیستمی یاسایی داوابکات کەهەموو دەنگدەرێك و پاڵێوراوێك و پارتێکی سیاسی بۆی هەیە شکات بکات لای لیژنەی هەڵبژاردن یان دادگای تایبەت کاتێك زەوتکردنی مافەکانی هەڵبژاردن روودەدات. پێویستە یاسا داوابکات ئەو لیژنەی هەڵبژاردن و ئەو دەستەو دادگا پسپۆرانە بڕیارێکی توندو کاریگەر دەربکات. پێویستە یاسای مافی تێهەڵچونەوەی بڕیارەکە دەستەبەربکات لەدادگایەکی تایبەت کەدەسەڵاتی پیاچونەوەو

پیادەکردنی دەسەڵاتی کۆتایی لەمەسەلەکەدا هەبێت. پێویستە بڕیاری دادگا، کەدوا پەناگەیە، بەزوویی دەربچێت. دەبێت پشکنەر بێگومان بێت لەوەی یاسا دوا وادەی ماقوڵی تێدایە بۆ پیاچوونەوەو بڕیاردان لەسەر شکاتەکەوە ئاگادارکردنەوەی ئەو شکاتکەرە لەبڕیارەکە. هەندێك سکاڵا کتوپڕ بڕیاری لەسەر دەدرێت، هەندێکی تر لەماوەی چەند سەعاتێکداو هەندێکیش چەند رۆژێك دەخایەنێت. کەواتە پێویستە ئەو دواوادەیە رادەیەك لەنەرمی نواندن بەهەند وەربگرێتو ئاستی لیژنەی هەڵبژاردنەکەش یان دادگا کەرەچاوبکات لەگەڵ جۆرو سروشتی ئەو شکاتە.

هەرچەندە ئەو پرەنسیپانەی باسکران کەمترین بنەمای یاسایین کەدەبێت بخرێنە ناو سیستمی یاساییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتێك نەرمی دەنوێنێت لەدیاریکردنی بونیادی یاسایی سیستمەکە، ئەوەی کەکێشەو ململانێکانی هەڵبژاردن چارەسەر دەکات.

**لیستی پیاچونەوەی پشکنەر بۆ پاراستنی مافەکانی هەڵبژاردن:**

- ئایا سیستمی یاسایی چارەسەرو میکانیزمی کاریگەر دەخاتە بەردەست بۆ پاراستنی مافەکانی هەڵبژاردن؟

- ئایا سیستمی یاسایی بەروونی دەیخاتە روو، کێ بۆی هەیە شکات پێشکەش بکات دەربارەی پێشێلکردنی یاسای هەڵبژاردن، و پرۆسەی پێشکەشکردنی شکاتیش دەخاتەڕوو؟

- ئایا سیستمی یاسایی ماف دەستەبەردەکات بۆ تێهەڵچونەوەی بڕیاری لیژنەی هەڵبژاردن لەبەردەم دادگایەکی یاساییدا کەدەسەڵاتی هەبێت بۆ تاووتوێکردنو پیادەکردنی دەسەڵاتی کۆتایی لەمەسەلەکەدا؟

- ئایا سیستمی یاسایی دواوادەی ماقوڵی داناوە بۆ پێشکەشکردنو تاووتوێکردنو بڕیاردان لەسەر شکات؟

## پاشکۆ :

### ١/ سەرچاوە بنچینەییەکانی کەمترینی بنەماکان:

**A- نەتەوە یەکگرتووەکان:**

**- جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ:**

**مادەی ٢١//**

١. مافی هەموو کەسە بەشداریی لەحکومەتی وڵاتەکەیدا بکات بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان لەرێگەی نوێنەرانی هەڵبژێردراوەوە.

٢. هەموو کەس مافی یەکسانی هەیە لەدەستڕاگەیشتن بەخزمەتگوزاری گشتی وڵاتەکەی خۆی.

٣. ویستو ئیرادەی گەل بناغەی دەسەڵاتی حکومەتە، ئەم ئیرادەیەش لەرێگەی هەڵبژاردنی رەسەنو ناوەناوەوە دەخرێتەڕوو، کەساز دەکرێت بەیەکسانیو دەنگدانی نهێنی یان رێوشوێنی دیکەی ئازاد بۆ دەنگدان لەو شێوەیە.

**- رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی سەبارەت بەمافە مەدەنیو سیاسییەکان:**

**ماددەی ٢٥ //**

هەموو هاولاَتیەك ماف وبواری ئەوەی دەبێت بەبێ ئەو جیاکارییانەی لەمادە (٢) دا باسکراوەو بەبێ سنوردارکردنی نادروست:

ئەلف/ بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەشداریی لەئەنجامدانی کاروبارە گشتیەکاندا بکات، یان نوێنەرانێك کەبەئازادی هەڵبژێراون.

بێ/ دەنگبداتو خۆی کاندید بکات لەهەڵبژاردنە ڕەسەنەکاندا کەلەماوەی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێت کەبەمافی یەکسانو گشتیو دەنگدانی نهێنی ئەنجامدەدرێتو دەربڕینی راوبۆچوونی ئازاد لەو هەڵبژاردنەدا مسۆگەر دەکات.

جیم/ توانای دەستپێداگرتنی هەبێت، لەسەر مەرجە گشتییەکانی یەکسانی، بەخزمەتگوزارییە گشتیەکانی وڵاتەکەیدا.

**B- ئەنجومەنی ئەوروپا.**

**پرۆتۆکۆلی ژمارە (١) لەپەیماننامەی ئەوروپایی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤو ئازادییە بنچینەییەکان:**

**مادەی ٣ //**

**لایەنە رێککەوتووەکانی بالا پەیماندەدەن هەڵبژاردنی ئازاد سازبکەن لەچەند ماوەیەکی گونجاوو دروستدا لەرێگەی دەنگدانی نهێنییەوە. لەبارودۆخێکدا کەزەمانەتی ئازادیی رادەربڕین بۆ گەل دەکات بەگوێرەی خواستی دەستەی یاسادانەران.**

**C- رێکخراوی ئاسایشو هاوکاریی ئەوروپا:**
**پەیماننامەی پاریس لەپێناو ئەوروپای نوێدا:- لوتکەی OSCE**
**( ٢١ی تشرینی دووەم ١٩٩٠)**

**- مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسیو حوکمی یاسا:**

**حکومەتی دیموکراتی لەسەر خواستو ئیرادەی گەل دامەزراوە کە لەرێگەی هەڵبژاردنی ئازادو عادیلانەوە بەرێکوپێکی گوزارشتی لێدەکرێت.**

**هەموو کەس مافی هەیە بەشداری لەهەڵبژاردنی ئازادو عادیلانەدا بکات.**

**بەڵگەنامەی کۆبوونەوەی کوبنهاگن لەمەڕ کۆنفرانسی رەهەندی مرۆیی CSCE**
**(٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٩٠)**

**(٥) دەوڵەتانی بەشدار بەشکۆمەندییەوە رادەگەیەنن کەلەناو ئەو رەگەزە سەرەکییانەی گوزارش دەکات لەسەر بەرزی رەسەنو مافی یەکسانی بۆ هەموو مرۆڤ،، ئەمانەی خوارەوەیە:**

**(٥-١ ) هەڵبژاردنی ئازاد کەلە چەند ماوەیەکی ماقوڵدا سازدەکرێت لەرێگەی دەنگدانی نهێنییەوە یان هەر رێوشوێنێکی دیکەی ئازادی رادەربڕین لەبارۆدخێکدا کەبەعەمەلی ڕادەربڕین ئازاد مسۆگەر بکات بۆ دەنگدان لەسەر خواستی نوێنەرەکانیان.**

**(٦) دەوڵەتانی بەشدار رایدەگەیەنن کەئیرادەو خواستی گەل، کە بەئازادییو راشکاوی لەرێگەی هەڵبژاردنی دروستو ناوەناوەوە گوزارشتی لێکرابێت، بناغەی دەسەلاتو شەرعیەتی تێکڕای حکومەتە. دەوڵەتە بەشدارەکان بەگوێرەی ئەوە رێز لەمافی هاولاتیانیان دەگرن بۆ بەشداریکردنیان لەبەڕێوەبردنی ولاتدا،**

چ بەشێوەیەکی راستەخۆ چ لەرێگەی ئەو نوێنەرانەوە کەبە ئازادی هەڵبژێرراون لەلایەن خۆیانەوە لەرێگەی پرۆسەی هەڵبژاردنی عادیلو دروستەوە. ئەو دەوڵەتانە دان بەلێپرسراوێتی خۆیاندا دەنێن بۆ بەرگریکردنو پاراستنی ئیلتیزاماتی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتیانو پەیمانو بەڵێنە نێودەوڵەتیەکانیان، بەگوێرەی یاساکانی خۆیانو، ئەو نیزامە دیموکراسیەی کەبەئازادیی دامەزراوە لەسەر ئیرادەی گەل دژی چالاکیو رەفتاری ئەو کەسو گروپو رێکخراوانەی کەبەشداریدەکەن یان نایانەوێت تیرۆریزمو توندوتیژی رەتبکەنەوە، ئەو تیرۆریزمو توندوتیژیەی ئامانجی روخاندنی ئەو نیزامەیە یان روخاندنی دەوڵەتێکی بەشداری دیکەیە.

(٧) بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کەئیرادەو خواستی گەل بناغە بێت بۆ دەسەڵاتی حکومەت دەوڵەتانی بەشدار:

(٧-١) هەڵبژاردنی ئازاد ئەنجامدەدەن لەچەند ماوەیەکی ماقوڵدا وەك یاسا دایناوە.

(٧-٢) بوار ئەدەن کەهەموو کورسیەکان، لەیەکێك لەهۆڵەکانی دەستەی یاسادانەرانی نیشتمانی بەئازادی پێشبڕکێی لەسەر بکرێت لەدەنگدانێکی جەماوەریدا.

(٧-٣) زەمانەتی مافی یەکسانی دەنگدان دەکەن بۆ هاوڵاتیی تەمەن کامڵ.

(٧-٤) زەمانەتی ئەوە دەکەن کەدەنگەکان بەدەنگدانی نهێنی بدرێت، یان بەشێوازێکی دەنگدانی ئازادی لەو شێوەیەو، دەنگەکان بەپاکی بژمێردرێتو بڵاوبکرێتەوەو ئەنجامە رەسمیەکان بەجەماوەر رابگەیەنرێت.

(٧-٥) رێز لەمافی هاووڵاتیان دەگرن بۆ داواکردنی پۆستی سیاسی یان گشتی بۆ خودی خۆی یاخود وەك نوێنەرانی پارتە سیاسییەکانو رێکخراوەکان بەبێ جیاوازیکردن.

(٧-٦) رێز لەمافی تاکەکانو گروپەکان دەگرن لەدامەزراندنی پارتی سیاسی تایبەت بەخۆیان، یان رێکخراویی سیاسی دیکە بەو پەڕی ئازادییەوە وە گەرنتی یاسایی پێویست دەخەنە بەردەست ئەو پارتو رێکخراوە سیاسیانە بۆ ئەوەی بتوانن لەناویەکتردا کێبڕکێ بکەن لەسەر بناغەی مامەڵەی یەکسان لەبەردەم یاسادا لەرێگەی دەسەڵاتدارێتییەوە.

(٧-٧ ) دڵنیـایی لـەوە دەكەنـەوە كەیاسـاو سیاسەتی گشتی هەوڵدەدەن بۆ ڕێگە پێدانی ئەنجامـــدانی چـــالاكیی سیاســـی لەكەشوهەوایەكی ئازادو دروستدا كەنـەكاری ئیـداریی و توندوتیـژیی و نەتۆقانـدن ببنـە كۆسـپ لەبـەردەم پـارت و پاڵێوراوانـدا لەئاشـكراكردنی ئازادانـەی بۆچـونەكانیان و خاسیەتەكانیان یان قەدەغەكردنی دەنگدەران لـەزانین و تـاووتوێكردنی ئـەو بۆچـون و خاسـیەتانە یـان لەدەنگـدانێك كـەدوور بێـت لەمەترسی سزادان و تۆڵەسەندنەوە.

(٧-٨) داوادەكـەن كـەهیچ كۆسـپێكی ئیـداریی و یاسـایی دانـەنرێت لەبـەردەم دەستڕاگەیشـتنی والآی میـدیاكان لەسـەر بنەمایەكی جیاوازینەكردن بەرامبەر بەهەموو ئـەو گروپـە سیاسـی و تاكانـە كـەدەخوازن لەپرۆسەی هەڵبژاردندا بەشدارییكەن.

(٧-٩) دڵنیایی لەوە دەكەن كەپاڵێوراوەكان ئەوانـەی ژمـارەی پێویسـت لەدەنگـەكان بەدەسـتدێنن كەیاسـا داوایـدەكات، بەشـێوەیەكی گونجـاو لەپۆسـتەكاندا دامـەزرێنراون و، وە ڕێگـەیان پێـدەدرێت لەپۆستەكەدا بمێننـەوە تـاوەكو ماوەكـەیان كۆتاییـدێت یـان كۆتـایی پێـدەهێنرێت بەشێوەیەك كەیاسا دیاری دەكات بەگوێرەی ڕێوشـوێنە دیمـوكراتی و پەرلـەمانی و دەستوریەكان.

(٨) دەوڵـەتانی بەشـداریكەر پێیانوایـە كـەبوونی چـاودێران چ بیـانی و چ نـاوخۆیی پرۆسـەی هەڵبـژاردن بـەهێزدەكات لـەو دەوڵەتانەی كەهەڵبژاردنیان تێدا دەكرێت.

بۆیـە ئـەو دەوڵەتانـە چـاودێر بانگهێشـت دەكـەن لەدەوڵـەتانی بەشـداری دیكـەی CSCE یـان هـەر دامەزراوەیـەكی تایبـەتی یـان ڕێكخراوێـك كەبیانـەوێت ئـەو كارەبكـەن بـۆ چـاودێریكردنی بەڕێوەچـوونی چـالاكیەكانی هەڵبژاردنـە نیشـتمانییەكان تـا ئـەو رادەیـەی یاسـا ڕێگـە بـدات. هـەروەها ئـەو دەوڵەتانـە تێدەكۆشـــن بـــۆ كارئاســـانیكردنی دەسـتپێراگرتنی لـەو جـۆرە بـۆ چالاكیەكانی هەڵبـژاردن، ئەوانـەی كـە لـەژێر ئاسـتی نیشتمانیەوەن. ئـەو جۆرە چاودێرانە بـەڵێنی ئەوە دەدەن كەدەستوەرنەدەن لەچالاكییەكانی هەڵبژاردنەوە.

٢/سەرچاوە تەواوکەرەکان:

هـــاریس، پیتـــەرو بـــێن رایلـــی ١٩٩٨. دیموکراســـی و ململانێـــی رەگـــداکوتراو ڕێگـــەکانی دانوســـتان. ســـتۆکهۆڵم: ئەنستیتۆی نێودەوڵـەتی بـۆ دیموکراسـی و یارمەتی هەڵبژاردن.

پیـــتین دینیـــز ٢٠٠٠ چارەســـەرکردنی نـاکۆکی و گرفتـەکانی هەڵبـژاردن لەناوچـەی OSCE بـــەرەو سیســـتمی چـــاودێریی ناکۆکیەکانی هەڵبژاردنی پێوەری (نمونەیی). وارشـــۆ :نوســـینگەی دامـــەزراوە دیموکراتیەکان و مافی مرۆڤ.

رنوڵدز، ئەندرۆ و بێن رایلی ١٩٩٧. رابەری نێودەوڵـــەتی IDEA ســـەربە نەخشـــەدانانی سیستمی هەڵبژاردن. ستۆکهۆڵم : ئەنستیتوی نێودەولـَــەتی بـــۆ دیموکراســـی یارمـــەتی هەڵبـــژاردن. رابـــەری چـــاودێریکردنی هەڵبـژاردنی ســەر بەنوسـینگەی دامـەزراوە دیموکراسیەکان و مافی مرۆڤ ODIHR (چاپی چـــوارەم) ١٩٩٩. وارشـــۆ : نوســـینگەی دامەزراوە دیموکراسیەکان و مافی مرۆڤ.

٣/ یاسا نمونەییەکان:

یاسا نمونەییەکانی رێسای هەڵسوکەوت بۆ پارتـە سیاسـییەکان کێبڕکـێ لەهەڵبژاردنـە دیموکراتیەکانـــدا. ١٩٩٩ ســـتۆکهۆڵم : ئەنســتیتوی نێودەوڵـەتی بـۆ دیموکراسـی و یارمـەتی هەڵبـژاردن. رێسـای هەڵسوکەوت بۆ چـــاودێریکردنی ئـــەخلاقی و پیشـــەیی هەڵبژاردنـــەکان. ١٩٩٦ ســـتۆکهۆڵم : ئەنســتیتوی نێودەوڵـەتی بـۆ دیموکراسـی و یارمەتی هەڵبژاردن